Journal of University of Raparin گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

# ڕەنگدانەوەی دەوڵەتی زەنگی (٥٢١ک/١١٢٧ز – ٥٦٩ک/١١٧٤ز) لـەسەر دەوڵەتی ئەیوبی (٥٧٠ک/١١٧٥ز- ٦٤٧ک/١٢٥٠ز) لەڕوی ئابورییەوە

**احمد رضا احمد[1] - حمەصاڵح حسن خضر[2]**

[1+2]بەشی مێژو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پـوختە:

دەوڵەتی زەنگی (٥٢١ک/١١٢٧ز – ٥٦٩ک/١١٧٤ز) و دەوڵەتی ئەیوبی (٥٧٠ک/١١٧٥ز – ٦٤٨ک/١٢٥٠ز) دو دەسەلاتی نیمچە سەربەخۆی جیهانی ئیسلامی بون، کە لەماوەی خەلافەتی عەبباسیدا (١٣٢ک/٧٥٠ز – ٦٥٦ک/١٢٥٨ز) و لە سەردەمی قەڵەمڕەوی سەلجوقییەکان (٤٤٧ک/١٠٥٥ز – ٥٩٠ک/١١٩٤ز)دا دروستبون. دەوڵەتی زەنگی بنکەی دەسەلاتەکەی شاری موسڵ و بەشێک لە هەرێمی جەزیرە و ڕۆژهەلاتی ولاتی شام بو، بنەماڵەی ئەیوبیش لە سایەی دەسەلاتی زەنگییەکاندا لە شاری بەعلەبەگ جێگیرببون و خاوەن پۆستی کارگێڕی و سەربازی گرنگبون، دوای کۆچی دوایی نورەدین زەنگی لە ساڵی (٥٦٩ک/١١٧٤ز)دا، دەرفەت بۆ بنەماڵەی ئەیوبی ڕەخسا هەتاوەکو دەسەلاتێکی تایبەت بەخۆیان دابمەزرێنن، چونکە سەلاحەدینی ئەیوبی کە جێگری نورەدین زەنگی بو لە ولاتی میسر توانی سود لەو بۆشاییە سیاسییە وەربگرێت کە بەهۆی مردنی نورەدین زەنگییەوە دروست ببو، هەربۆیە لەساڵی (٥٧٠ک/١١٧٥ز)دا، دەوڵەتی ئەیوبی لە ولاتی میسر دامەزراند. دەوڵەتی ئەیوبی بەهۆی ئەوەی لەسەر دار و پەردوی دەوڵەتی زەنگی دامەزرا، هەربۆیەش خەسڵەت و تایبەتمەندی زەنگییەکان ڕەنگی دایەوە بەسەر ئەیوبییەکان لەسەر بوارەکانی (سیاسی و کارگێڕی و ئابوری و شارستانی و زانستی و ...)، ئێمە لێرەدا ئاماژە دەکەین بە کاریگەرییە ئابورییەکان، کە بەشێوەیەکی لەبەرگیراوە گوازراونەوە ناو سیستەمی بەڕێوەبردنی ئەیوبی، کە خۆی دەبینیەوە لە گرنگیدان و هاوکاری و پەرەپێدان بە چالاکی کشتوکاڵی و پیشەسازیە هاوسەردەمەکان وجموجۆڵی بازرگانی، کە ئەیوبییەکان توانیان دوای وەرگرتنی ئەم کەرتانە بەرەوپێشیان ببەن و چالاکی بازرگانی زۆر فراوانتر بکەن بەتایبەت لە کەناراوەکانی شام و بەندەرەکانی میسر لە سەر دەریای ناوەڕاست و دەریای سور (بحر القلزم)، هاوکات سیستەمی وەرگرتنی زەکات و سەرانە و زەویانە و دەسکەوتە جەنگییەکان، کە لەلای زەنگییەکان جێگیر کرابو، بەهەمان شێوە گوازرانەوە ناو دەوڵەتی ئەیوبی و پێوەی پابەندبون بەتایبەت لابردنی باجە سەپێنراوە ناشەرعییەکان کە بە (مەکۆس) ناسرابون.

**کلیلە وشەکان:** کاریگەری، دەوڵەتی زەنگی، دەوڵەتی ئەیوبی، ئابوری.

**Article Info:**

**DOI:** 10.26750/Vol(9).No(4).Paper28
**Received:** 27-November-2021
**Accepted:** 16-January-2022
**Published:** 29-September-2022
**Corresponding Author's E-mail:**
ahmed.mejw@uor.edu.krd
hamasalhhasan@gmail.com
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2022 Journal of University of Raparin.



**Original Article / Doi:** 10.26750/Vol(9).No(4).Paper28

## پێشەکی:

سەردەمی فەرمانڕەوایی خەلافەتی عەبباسی (١٣٢ک/٧٥٠ز – ٦٥٦ک/١٢٥٨ز) بەسەر جیهانی ئیسلامییدا ئەگەرچی ماوەیەکی پرشنگدارە و خاوەنی چەندین دەسکەوتی شارستانی و سیاسی و سەربازی بون، بەڵام لە کۆتاییەکانی دەسەڵاتیدا و بە تایبەتی لە سەدەکانی (٦ک/١٢ز – ٧ک/١٣ز)دا، کۆمەڵێک ڕوداوی مێژویی لە ناوچەکەدا ڕویاندا کە خۆی دەبینیەوە لە باڵادەستی هێزە تورکەکان و پەلاماردانی هەڵمەتەکانی خاچییەکان (٤٨٩ک/١٠٩٦ز – ٦٩٠ک/١٢٩١ز)، لە بەرامبەریشدا دەسەڵاتی سیاسی خەلافەت تەنها ڕۆڵی تەماشاکەری دەبینی و دەستەو وەستان وەستابو بەرامبەریان، ئەمانەش نەمانی کاریگەری شکۆی خەلافەتیان وەکو دەسەڵاتی یەکەم پشت ڕاست دەکردەوە، بەڵکو تەنها وەکو سیمبولێکی ئاینی لەلای خەڵکەوە سەیردەکرا. دروستبونی ئەم بارودۆخە درێژخایەنە و نەدۆزینەوەی چارەسەر و هەستانەوە دەروازەیەکی دروستکرد بۆ کۆمەڵێک کەسایەتی بەهێز و کارامە تاوەکو دەسەڵاتێکی نیمچە سەربەخۆ لە ناوچە جیاجیاکانی خاکی ئیسلامیدا بنیات بنێن، لە دیارترین ئەو دەوڵەتانەش هەردو دەوڵەتی زەنگی و دەوڵەتی ئەیوبی بون، کە توانیان وەکو دو فریادڕەسی کاریگەر ڕۆڵ بگێڕن لە ڕوداوە مێژوییەکان و چەندین دەستکەوتی سیاسی و سەربازی و شارستانی بەدەست بهێنن، کە هەتاوەکو ئەمڕۆش بە بایەخەوە لەلایەن توێژەرانی مێژو شرۆڤە دەکرێن، هاوکات بونە هاندەر و ڕێنیشاندەر بۆ ئەوانەی دوای خۆیان بەتایبەت لە بواری بەرپەرچدانەوەی دەستدرێژییەکانی خاچییەکان و گرنگیدان بەلایەنی گەشەسەندنی ئابوری و جۆش و خرۆش بەخشین بەبواری زانستی.

## گرنگی بابەتەکە:

گرنگیدان و لێکۆڵینەوەی تایبەت لەسەر ماوەی دەسەڵاتداری هەردو دەوڵەتی زەنگی و ئەیوبی تیشک خستنەسەر بەشێک لە سیستەمی ئابورییان و دەرخستنی کاریگەری بنەماڵەی زەنگی لەسەر دەسەڵاتی بنەماڵەی ئەیوبی کارێکی بەبایەخ و بە سودە، چونکە ئەم دو دەسەڵاتە تەواوکەری یەکتربون لە بەدەستهێنان و بەردەوام بونی کۆمەڵێک تایبەتمەندی شارستانی و ئابوری، هاوکات زەنگییەکان بونە پێشەنگ و چاوساغی ئەیوبییەکان لە سەرجەم بوارەکاندا، بەتایبەت لەڕوی ئابورییەوە ڕەنگدانەوەیان لەسەر دەوڵەتی ئەیوبی دروستکرد، توێژەر لێرەدا تیشک دەخاتە سەر کەرتەکانی (کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانی و زەکات و سەرانە و زەویانە و دەستکەوتەکانی جەنگ)، لێرەدا خوێنەر ئاشنا دەکەین بە کۆمەڵێک زانیاری بەسود.

## هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە:

هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە دەگەڕێتەوە بۆ خولیای توێژەر و هەوڵدان بۆ زیاتر ئاشنابون بەلایەنی ئابوری دەوڵەتی زەنگی و دەوڵەتی ئەیوبی و دەرخستنی گرنگیدانی دەسەڵاتدارانی ئەم دو دەوڵەتە بە پێشخستنی (کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانی) و ڕێکخستنی سیستەمی کۆکردنەوەی زەکات و سەرانە و زەویانە و دەستکەوتەکانی جەنگ، هاوکات ڕەنگدانەوەی گرنگیدانەکانی زەنگییەکان لەسەر ئەیوبییەکان.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper28

## ئامانجی توێژینەوەكە:

ئامانجی توێژینەوەكە بریتییە لە تیشك خستنەسەر سیستەمی ئابوری دەوڵەتی زەنگی و گواستنەوەی ئەم تایبەتمەندیانە بۆ ناو دەوڵەتی ئەیوبی و بەردەوامبونیان وەكو خۆی یاخود ئەنجامدانی گۆڕانكاری تیایاندا بەگوێرەی پێویستی سەردەم و پێشكەوتن تیایدا، بەڵگەی ئەمەش گەشەسەندنی پیشەی بازرگانی بو لە سەردەمی ئەیوبییەكاندا، سەرەڕای ئەوەی جێگرەوەی زەنگییەكان بون، بەڵام دەستكەوتەكان بەراورد بە دەسەڵاتی پێش خۆیان زۆر گەشەسەندنی پێوە دیاربو بەشێوەیەكی كرداری.

## میتۆدی توێژینەوەكە:

بەوپێیەی پەیوەندییەكی لەیەكچون و هەندێك جار كەمێك جیاواز لەنێوان میتۆدە جیاجیاكانی لێكۆڵینەوەكەدا هەیە، بۆیە هەوڵمانداوە بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەكە پشت بە تاكە میتۆدێكی زانستی نەبەستین، بەڵكو بەپێی پێداویستی لێكۆڵینەوەكە هەندێك جار پشتمان بەستوە بەكارهێنانی میتۆدی وەسفی بە پشت بەستن بە ڕوداوە مێژوییەكان و بەراوردكاری و بەرجەستەكردنی كاریگەرییەكان، بە سود وەرگرتن لە سەرچاوە ڕەسەنەكان و ژێدەر و توێژینەوە زانستییەكان.

## پێكهاتەی توێژینەوەكە:

بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەكە، توێژینەوەكە دابەشكراوە بۆ دو تەوەری سەرەكی، لە تەوەری یەكەمدا تیشكمان خستۆتە سەر كەرتەكانی كشتوكاڵ و پیشەسازی و بازرگانی و دەرخستنی كاریگەری و گۆڕانكارییەكانیان لە دەوڵەتی زەنگییەوە بۆ ناو دەوڵەتی ئەیوبی. تەوەری دوەممان تەرخانكردوە بە وردبونەوە لە چۆنیەتی وەرگرتنی زەكات و سەرانە و زەویانە و دەستكەوتە جەنگییەكان، كە دەوڵەتی زەنگی پیادەی كردوە و دواتر گوازراوەتەوە بۆ ناو دەوڵەتی ئەیوبی سەرەڕای ئەنجامدانی هەندێك گۆڕانكاری بەگوێرەی گونجاندنی سەردەمەكەیان.

## شیكردنەوەی سەرچاوەكان:

لەم توێژینەوەیەدا سود لە كۆمەڵێك سەرچاوەی گرنگ و ڕەسەن وەرگیراوە، كە پەیوەندیدار بون بە ناوەڕۆكی توێژینەوەكە، لە دیارترینیان هەردو پەرتوكی (التاريخ الباهر فى الدوله الاتابكية) و (الكامل فى التاريخ)ی (ابن الاثير ت: ٦٣٠هـ/١٢٣٢م)، كە هاوسەردەمی هەردو دەوڵەتی زەنگی و ئەیوبی بوە، هاوكات تەواوی ژیانی تەرخانكردوە بۆ تۆماركردنی ڕوداوە مێژوییەكانی سەردەمەكەی و بە وردی دەربارەی چالاكیەكانی نورەدین زەنگی و سەلاحەدینی ئەیوبی دواوە و نوسینەكانی لە دیدی توێژەر و خوێنەرانی بواری مێژو بەبایەخن، هەروەها پەرتوكی (الروضتين فى اخبار الدولتين النوريه و الصلاحيه)ی (ابو شامه ت: ٦٦٥هـ/١٢٦٧م)، كە یەكێكە لەو مێژونوسانەی كە هاوسەردەمی دەوڵەتی ئەیوبی ژیاوە و بەوردی دەربارەی هەردو دەوڵەتی زەنگی و ئەیوبی دواوە و نوسینەكانی جێگەی متمانەن لەلای شەیدایانی بواری مێژوی ئیسلامی، لەپاڵ ئەمەش بەهۆی ئەوەی پەرتوكەكەی تەرخانكردوە بە تۆماركردنی ڕوداوەكانی سەردەمی نورەدین زەنگی و سەلاحەدینی ئەیوبی،



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper28

هەربۆیەش بوەتە دەروازەیەکی باش بۆ دەست گەیشتنمان بەچەندین زانیاری دروست. هاوکات سودمان بینیوە لە پەرتوکی (صبح الاعشی فی صناعه الانشا)ی (القلقشندی ت: ٨٢١هـ/١٤١٨م)، کە دیاردە باو و گشتییەکانی دەوڵەتەکانی جیهانی ئیسلامی تۆمارکردوە، لەوانە لایەنی ئابوری، بەشێوەیەکی بابەتیانە شرۆڤەی کردون، بۆیە زۆر زانیاری بەسودی پێگەیاندوین دەربارەی شێوازی کۆکردنەوەی باج و زەویانە و پیشەی کشتوکاڵی و سەرچاوەکانی داهاتی دەوڵەت. کە ئەمانە ڕاستەوخۆ پەیوەندیداربون بە هەردو دەوڵەتی زەنگی و ئەیوبی و گەنجینەی پڕ زانیارین بۆ توێژەرانی بواری مێژو، لەلایەکی دیکەشەوە بۆ زیاتر دەوڵەمەند کردنی لێکۆڵینەوەکەمان سودمان لەچەند ژێدەرێکی بەسودیش وەرگرتوە، لەوانە پەرتوکی (الایوبیون و الممالیک فی مصر و الشام)ی (سعید عبدالفتاح عاشور). کە بە شێوازێکی ئەکادیمی باسی لە سەرەتای دەرکەوتنی بنەماڵەی ئەیوبی دەکات لەناو ژینگەی سیاسی و کارگێڕی زەنگیەکاندا و کاریگەرییەکانی نورەدین محمود بەسەر سەلاحەدینی ئەیوبی ڕوندەکاتەوە، جگە لەمانەش سودمان لە چەند ژێدەرێکی دیکە و چەند توێژینەوەیەکی زانستی وەرگرتوە بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی بابەتەکە.

## کاریگەری دەوڵەتی زەنگی لەسەر دەوڵەتی ئەیوبی لەڕوی ئابورییەوە.

ناوچەکانی جەزیرە و شام و میسر کە بونە مۆڵگە و خانەخوێی هەردو دەوڵەتی زەنگی و ئەیوبی، خاوەنی کۆمەڵێک خاسیەتی هەمەجۆری ئابوری بون و ببونە پاڵنەرێکی بەهێز بۆ بەردەوام بون و گەشەسەندنی دەسەڵاتی هەردو بنەماڵەی زەنگی و ئەیوبی.

## باسی یەکەم: کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانی.

### یەکەم: کشتوکاڵ.

شوێنی جوگرافی دەوڵەتی زەنگی کە ناوچەکانی موسڵ و شارەزور و بەشێک لە خاکی جەزیرە و خۆرهەلاتی ولاتی شامی لەخۆدەگرت، خاکێکی بەپیتی کشتوکاڵی و خاوەنی چەندین ڕوبار و سەرچاوەی ئاو و کەشوهەوایەکی گونجاوبون بۆ چالاکی کشتوکاڵی، ئەگەرچی سەردەمی (عیمادەدین زەنگی) (٥٢١-٥٤١ک/١١٢٧-١١٤٧ز) زیاتر لایەنی جەنگی زاڵ بو بەسەر سیمای دەوڵەتەکەدا، بەڵام ئەمە نەبو بە هۆکار بۆ پاشەکشەکردنی ئەم کەرتە گرنگە ئابورییە(ابن القلانسی، ١٩٠٨، ٢١٨-٢١٩؛ ابن الاثیر، ١٩٨٧، ٩، ٢٤٦-٢٤٧)، بەتایبەتی دوای ئەوەی (نورەدین زەنگی) (٥٦٩-٥٤١ک/١١٤٦-١١٧٤ز) لەدوای باوکییەوە بەشێکی دەوڵەتەکەی بەرکەوت و سیاسەتێکی سەرکەوتوانەی لەبواری کشتوکاڵدا پیادەکرد و گەشانەوە و پەرەسەندنی بەدیهێنا، هەروەها بەردەوام هانی جەنگاوەرەکانی سوپاکەی دەدا کە لەکاتی جەنگ و ڕوبەڕوبونەوەکانی بەرامبەر خاچ دروشماندا زەوی و باخ و بێستان و بەروبومە کشتوکاڵییەکان وێران نەکەن و بۆخۆشی بەردەوام پاڵپشت و لایەنگری چینی جوتیاران بو(ابوشامە، ١٩٩٧، ١، ٢٣٩) هاوکات جوتیارەکانیش بەردەوام دڵسۆز و پێکهێنەری سوپاکەی بون، ئەمە سەرەڕای ئەوەی بەشێک یان لە چوارچێوەی سیستەمی دەرەبەگایەتی سەربازیدا جێگیرکرابون، لەلایەکی دیکەشەوە ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی نورەدین زەنگی ناسرابون بە زەویەکی بە بڕشت


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper28

و زۆری سەرچاوەکانی ئاو و ئاودێری و کشتوکاڵی و میوە جۆراوجۆرەکان(ابن القلانسی، ١٩٠٨، ٣٠٨؛ ابن الاثیر،١٩٦٣، ١٣٣؛ ابوشامە، ١٩٩٧، ١، ٢٤٠).

دەوڵەتی زەنگی بەردەوام کاری دەکرد لەسەر هاوکاری و یارمەتیدانی جوتیارەکان و جۆگە و پرۆژەی ئاودێری بۆ دروست دەکردن، لە دیارترین ئەم نمونانەش جوتیارەکانی شاری حەما بەهۆی بەرزی خاکەکەیانەوە نەیاندەتوانی سود لە ئاوی ڕوباری عاسی وەربگرن، بەڵام نورەدین محمود ناعورەی بۆ دانان و توانی ئاو بگەیەنێتە هەمو ئەو زەویانەی کە بۆ کشتوکاڵ گونجاوبون تەنانەت ئاوی دەگەیاندە ماڵەکانیش(ابن العدیم، د.س، ١، ٣٩٠)، ئەم هەنگاوانەش دەبونە پاڵنەرێکی باش بۆ گەشەکردنی کشتوکاڵ لە دەوڵەتی زەنگییدا، چونکە گرنگیدانی دەوڵەت و بەپیتی خاکەکەی و ڕێکوپێکی سیستەمی ئاودێریەکەی دەبونە هۆی زیادبونی بەرهەمەکان و سەرئەنجام دەبون بە ڕێگە خۆشکەر بۆ گەشەکردنی بواری پیشەسازی، چونکە کەرەستەی خاوی پیشەسازی لەم ناوچانەدا بە ڕێژەیەکی زۆر بەردەست بون بەهۆی سەرکەوتوبونی سیستەمە کشتوکاڵییەکەی. هەروەها چەندین بەرهەمی جۆراوجۆر لە گەنم و جۆ و لۆکە و کەتان و قامیشی شەکر و دارستان و باخ و بێستان و میوەکانی هەنار و هەنجیر و ترێ و لیمۆ و پرتەقاڵ و گوڵەکان لەوانە خەنە لە سنوری دەوڵەتی زەنگیدا هەبون(الادریسی، ٢٠٠٢، ١، ٣٦٥-٣٦٧؛ زکی النقاش، ١٩٥٨، ١٧٨).

کشتوکاڵ لەماوەی ئەیوبیەکاندا سەرەڕای ئەوەی درێژکراوەی سەردەمی زەنگییەکان بو لە وڵاتی شام و میسر و لە سەرەتای دەسەڵاتەکەیاندا گەشەسەندنی باشی بەخۆیەوە بینی، چونکە سوڵتانە ئەیوبییەکان بە بایەخەوە لە کەرتی کشتوکاڵیان دەڕوانی و بەهەمان شێوازی زەنگییەکان گرنگیان دەدا بە پرۆژەی ئاودێری و لێدانی کارێز و دروستکردنی پرد و بەربەست بۆ گلدانەوەی ئاوی باران و ڕێگری کردن لە مەترسی لافاو(ابن مماتی، ١٩٤٣، ٢٠٥-٢١٩). هەروەها چەندین ڕوبەری فراوانی زەوی لە میسر کە پێشتر بەهۆی بەرزی ئاستی خاکەکەیان لە ئاستی ڕوبار و سەرچاوە ئاوییەکان نەدەتوانرا ئاودێری بکرێن، چارەسەرکران و داچێنران. لە وڵاتی شامیش سودوەرگرتن لە ناعورەکان زۆر زیادی کرد و تاوەکو وای لێهات وشەی ناعورە بەناوی نۆریا (Noria) و گوازرایەوە سەر زمانە ئەوروپییەکان(احمد مختار العبادی، ١٩٩٢، ١١٠). ناوچەکانی شام و جەزیرە پانتایەکی فراوانی کشتوکاڵی بەپیت و خاوەنی ڕوبار و سەرچاوەی ئاوی زۆربون کە ئەمەش گرەنتی ئابوری دەوڵەتەکەی بەهێزتر دەکرد(ابن جبیر، د.س، ٢٢٢-٢٢٣؛ محمود یاسین احمد التکریتی، ١٩٨١، ٣٥٩). هاوکات بەناوبانگبون بە چەندین بەروبومی وەک گەنم و جۆر و زەیتون و فستەق و بندق و میوەکانی ترێ و هەنار(الاصطخری، ١٨٨٩، ٢٤٥-٢٤٧؛ ابن حوقل، ١٩٢٨، ١٩١-٢٠٣؛ ابن العدیم، د.س، ١، ٦٠) و قامیشی شەکر لە وڵاتی میسر کە شەکری سپی لێ بەرهەمدەهێنرا(الادریسی،٢٠٠٢، ١، ١٣١)، بونی ئەم بەروبومانە سەرەڕای پڕکردنەوەی پێداویستییە ناوخۆییەکان ڕۆڵی گرنگیشیان گێڕا لە گەشەسەندنی پیشەسازی و بازرگانی.

هەرچەندە دەوڵەتی ئەیوبی بەهەمان شێوەی دەوڵەتی زەنگی گرنگی دەدا بە ئەنجامدانی پرۆژەی ئاودێری و چاککردنی ڕێگاوبانەکان و پارێزگاری کردن لە جوتیارەکان و مسۆگەرکردنی سەلامەتی گیانیان لە کاتی جەنگەکاندا و هاندانیان بۆ زیادبونی بەروبومەکانیان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەرتی کشتوکاڵ لە سەردەمی


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper28

ئەیوبیدا توشی چەند گیروگرفتێکی سروشتی و مرۆیی بویەوە، یەکێک لەو ڕوداوانەش کە لە ساڵی (٥٩٧ک/١٢٠١ز) داو لە سەردەمی مەلیک (عادل)دا (٥٩٦–٦١٥ک/١١٩٩–١٢١٨ز)، بەهۆی وشکبونی ڕوباری (نیل)ەوە بەروبومی کشتوکاڵی وڵاتی میسر توشی قەیران و نەهامەتی هات و برسیەتی لە وڵاتدا بڵاوبۆوە بەشێکی زۆری خەڵکی میسر لەبرسان مردن و بەشێکی دیکەشیان بۆ دەربازبونی ژیانیان ڕویان کردە وڵاتانی حیجاز و یەمەن و شام(الدواداری، ١٩٧٢، ٧، ١٤٨–١٤٩؛ ابن تغری بردی، ١٩٩٢، ٦، ١٧٣). هەروەها سیستەمی کارگێڕی دەوڵەتیش بەتەواوەتی ژیانی جوتیارانی قورس کردبو، چونکە دەوڵەتی ئەیوبی ناوچەکانی بە دەرەبەگەکان بەخشی بو، ئەوانیش لەپێناو دەسکەوتی دارایی زیاتر بەردەوام چاویان دەبڕیە وەرگرتنی داهاتی زۆرتر لە جوتیارەکان(المقریزی، ١٩٩٨، ١، ٢٧٩؛ زکی النقاش، ١٩٥٨، ١٦٩)، سەرەڕای ئەوەی کە دەوڵەتی ئەیوبی پاراستنی گیانی جوتیارەکانی لە سیستەمی دەرەبەگایەتدا جێگیرکردبو، بەڵام لە کۆتاییەکانی سەردەمی ئەیوبیدا پێشێلکردنی مافی جوتیار و بەرتیل وەرگرتنی تێکەوت تەنانەت جگە لە وەرگرتنی زەکات و زەویانە (الخراج)، پارەی ئەو بەربەستە ئاویانەشیان لە جوتیارەکان وەردەگرت کە بە مەبەستی گلدانەوەی ئاوی باران و کەمکردنەوەی مەترسیەکانی لافاو دروستیانکردبون(القلقشندی، ١٩١٤، ١٣، ١٤٤؛ سعید عبدالفتاح عاشور، ١٩٩٦، ١٤٧). لێرەدا توێژەر گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە هەرچەندە لە سەرەتادا ئەیوبییەکان شوێنکەوتەی زەنگییەکان بون لە پاراستنی گیانی جوتیاران و گرنگیدان بە دانانی ناعورە و دروستکردنی جۆگەی ئاودێری پرۆژەی خزمەتگوزاری و پەیڕەوکردنی سیستەمی دەرەبەگایەتی سەربازی، بەڵام سەرئەنجام نەیانتوانی هەتاسەر پێوەی پابەندبن و بەڵکو سیستەمەکە بەلاڕێدا بردرا و جوتیارەکان توشی گیروگرفت هاتن.

## دوەم: پیشەسازی.

ناوچەکانی موسڵ و جەزیرە و شام و میسر هەر لە سەرەتای مرۆڤایەتییەوە لانکەی شارستانیەت و جێگەی نیشتەجێبونی مرۆڤبون، هەر لەبەرئەمەش دانیشتوانەکەیان کارامە و خاوەن ئەزمون بون لە چەندین جۆر و پیشەی سەرەتایی کە ڕەنگدانەوەی سەردەمەکەیان بون. لە سەردەمی دەسەڵاتی زەنگییەکاندا چەندین پیشەسازی هەبون و بەردەوامیش لە گەشەسەندندا بون، چونکە لەلایەک ناوچەکانی سنوری دەوڵەتی زەنگی دەوڵەمەندبون بە کەرەستەی خاوی پیشەسازی و لەلایەکی دیکەشەوە دەستی کار و پیشەوەری لێهاتو لەم ناوچانەدا هەبون، چونکە شوێنێکی گونجاو بو بۆ بەهرەمەند و کاسبکاران بەهۆی پێگە جوگرافییەکەیەوە کە هەر لەکۆنەوە بە مۆڵگەی کڕین و فرۆشتن و بازاڕکردن ناسرابو هەروەها کەوتبوە سەر ڕێگا سەرەکیە بازرگانییەکان (ابن العدیم، د.س، ١، ٤١١–٤١٢؛ ابوشامە، ١٩٩٧، ١، ١٨٣). چەندین جۆری پیشە لە وڵاتی شام و موسڵدا هەبون لەوانە، ڕستن و چنین لە خوری و لۆکە و قوماشی ئاوریشم (الحریر)، بەتایبەتی جلوبەرگی دیمەشقی کە لەشاری دیمەشق دروست دەکرا بە (الدمسک) (damask) ناسرابون، کە ئیدریسی مێژونوس پێیان سەرسام بوە و وتویەتی: (جلوبەرگی دیمەشقی هاوتای نییە لە جیهاندا)، هەروەها جلوبەرگی موسڵی کە بە (الموصلین) (musulin) ناسرابون، هەر بەو ناوانەشەوە لەلای ئەوروپییەکان دەناسران و بەناوبانگبون



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper28

(الادریسی، ۲۰۰۲، ۱، ۳٦۹-۳۷۱؛ احمد مختار العبادی، ۱۹۹۲، ۱۱۲). و ئەو شوێنەی کە قوماشی لێ دروست دەکرا پێی دەوترا (دور الطراز)[i] واتە خانەی جلوبەر

گ (ابن مماتي، ۱۹٤۳، ۳۳۰)، هاوکات شاری دیمەشق پێگەیەکی گرنگی هەبو لە دروستکردنی خواردنە شیرینیە مەنیە دەگمەن و ناوازەکاندا و سەرەڕای ئەمەش بەناوبانگ بون بە چەند جۆرێکی میوەی وشکراو لەوانە هەنجیر و مێوژ و قەیسی، ئەمەش لەبەر زۆری کێڵگە و باخ و ڕەزەکان، هەروەها لەزۆربەی شارەکانی وڵاتی شام دا ڕۆنی ڕوەکی بەرهەم دەهێنرا(الادریسی، ۲۰۰۲، ۱، ۱۲۹-۳٦۹؛ الشیزری، ۱۹٤٦، ۳۵، ٥٤-٥٥).

ناوچەکانی سنوری دەوڵەتی زەنگی بە ناوچەی فرە بەرهەم ناسرابون چەند پیشەسازی جۆراوجۆریان لەخۆ دەگرت، لەوانەش پیشەی گۆزەی لەگڵ دروستکراو و پشەسازی شوشە کە لە وڵاتی شام دا گەشەسەندنی زۆری بەدیهێنابو تەنانەت بازاڕێکی تایبەتی هەبو بەناوی بازاڕی شوشە فرۆشان لە شاری حلب(زکی النقاش، ۱۹٥۸، ۱۸۰؛ محمد نجیب و عبدالوهاب محمد حمد، ۲۰۰۹، ۱٤۷). جگە لەمانەش چەندین پیشەی دیکەی وەکو بەرهەم هێنانی بۆن (عطر) و ئاوی گوڵا و شەربەت و خواردنەوە کحولیەکان کە لە وڵاتی شام دا هەبون(زیغرید هونکە، ۱۹۹۳، ۱۷-۱۹). هەرچەندە بەرهەمهێنانی ئەم جۆرە خواردنەوانە بەشێک نەبوە لە سیاسەتی فەرمی دەوڵەتی زەنگی و دەوڵەتی ئەیوبی، بەڵکو زیاتر مەسیحییەکانی ژێر قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی ئەوان ڕۆڵیان هەبوە لە بڵاوکردنەوە و پەرەپێدانی ئەو چەشنە لە خواردنەوە بێهۆشکەرانە، ئەوەش بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە، لەوانە، ناوچەکانی شام و جەزیرە دو شوێنی دەوڵەمەند و بە پیت بون بۆ ئەو بەروبومانەی سەرچاوەی ئەو جۆرە لە خواردنەوانە بون (ابن حوقل، ۱۹۲۸، ۱٥۹، ۲۰۰-۲۰۳؛ المقدسی، ۱۹۹۱، ۱۳۱، ۱٤٥، ۱٥۳) لە هەمانکاتدا بەشێکی خواردنەوە کحولییەکان لە ڕێگای بازرگانانەوە لە دەرەوە دەهێندرایە ئەو دو ناوچەیە، ئەوەش وای کردبو خەڵک بە ئاسانی دەستی پێبگات (عبدالحافظ عبدالخالق یوسف البنا، ۲۰۰۷، ۱۱۷)، هاوکات شاری حەلەب و ناوچەکانی دیکەی وڵاتی شام بە بەرهەمهێنانی سابون ناسرابون(الشیزری، ۱۹٤٦ ، ۸۷). ئەمە سەرەڕای بونی چەند پیشەسازیەکی دیکەی وەکو دروستکردنی کاغەز و بەرگ تێگرتنی پەرتوک لە هەردو شاری طرسوس[ ] و حلب(ابن العدیم، د.س، ۱، ۱۸۱). هاوکات چەند پیشەسازیەکی وەکو ئاسنگەری و مسگەری و دارتاشی و چەند خانەیەکی لێدانی دراو لە زێڕ و زیو مس لە وڵاتی شام دا بە شێوەیەکی بەربڵاو هەبون بە تایبەتی لە هەردو شاری دیمەشق و حلب(الشیزری، ۱۹٤٦، ۲٥-۲٦، ۷٤؛ محمد مؤنس احمد عوض، ۱۹۹۸، ٤۰).

لە سەردەمی ئەیوبییەکاندا سەرەڕای مانەوە و بەردەوام بونی پیشەسازییەکانی سەردەمی زەنگی، لەگەڵ ئەوەشدا پیشە جۆراوجۆرەکان پێشکەوتنی زیاتریان بەخۆیانەوە بینی، لە سەروی هەموشیانەوە پیشەسازیە دەستیەکانی وەکو ڕستن و چنین بەتایبەت ئەوانەی لە وڵاتی میسر بەرهەم دەهێنران(الادریسی، ۲۰۰۲، ۱، ۳۳۸)، لەوانەش کوتاڵی فوستیان (Fustian) کە لە ئەوروپا بەم ناوە ئینگلیزیە ناسرابو، ناوەکەی دەگەڕایەوە بۆ ناوی شاری فوستات، زۆربەی ئەو شمەک و کاڵایانەی بنەچەکەیان ڕۆژهەڵاتی بو لە ئەوروپا بەناوی نوێیوە دەناسران، هاوکات پیشەی ڕستن و چنین لە تەواوی شارەکانی وڵاتی میسر بەربڵاو بو بەتایبەت لە هەردو شاری تەنیس و دمیات و چەند شارێکی دیکە نایابترین جۆرەکانی قوماشی ئاوریشم و کەتان لە لۆکە و خوری



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper28

دروستدەكران(سعيد عبدالفتاح عاشور، ١٩٩٦، ١٥٠). هەروەها پیشەسازی پێستە خۆشکردن و دروستکردنی مەنجەڵی گڵین زۆر گەشەی کرد بەتایبەتی لە شاری (كفرطاب)[iii]، لە سەردەمی ئەیوبییەکاندا پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی(ابن العديم، د.س، ١، ١٤٢). هاوکات لە شاری ئەسکەندەریە و تەواوی شارەکانی سنوری دەوڵەتی ئەیوبی پیشەی ئاسنگەری و دروستکردنی شمشێر و پێداویستییە جەنگییەکان و پیشەسازییەکانی تایبەت بە کانزاکانی زێڕ و مس لەوپەڕی برەوسەندندا بون(ابن شداد، ١٩٩١، ١، ١، ١٥٥؛ القلقشندي، ١٩١٤، ١١، ٤٠٥-٤٠٦). بە دیاریکراویش لە شارەکانی وڵاتی میسر کە هەر لە کۆنەوە بەناوبانگ بون بە هەبونی کانزای جۆربەجۆر(ابن حوقل، ١٩٢٨، ١٤١). هەروەها لە وڵاتی شامیش چەند جۆرێکی کانزا و کەرەستەی خاو هەبون بەزۆری لە سنوری شاری حەلەب کە لە دامێنی چیای جۆشن (جبل جوشن) مس دەردەهێنرا، و لەبەشی باکوری شارەکەش مەڕمەڕی زەرد و شوشە بەرهەمدەهێنران، لەنزیک ڕوباری عاسی کانزای زێڕ هەبو، بونی ئەو کانزا و کەرەستە خاوانە پاڵنەرێکی باش بون بۆ مانەوە و گەشەکردنی پیشەسازییەکان لە وڵاتی میسر(الغزي، ١٩٨١، ١، ٤٣-٤٤؛ محمود ياسين احمد التكريتي، ١٩٨١، ٢٦٧-٢٦٩).

لە ماوەی دەسەڵاتی ئەیوبیەکاندا چەند پیشەسازییەکی تایبەت بە پاک و خاوێنی و جوانکاری و خۆراکی سەرەڕای ئەوەی لە سەردەمی زەنگیەوە درێژەیان پێدرابو، بەڵام لە ماوەی ئەیوبییەکاندا گەشەکردنی زیاتریان بەخۆیەوە بینی، لەوانەش پیشەسازی بەرهەمهێنانی ڕۆنی ڕوەکی لە بەشێک لە شارەکانی وڵاتی میسر کە بۆ خواردن و نەرمکردنەوەی پێست سودی لێوەردەگیرا، هەروەها جۆرە (سابون)ێکیان لە تۆوی ڕوەکی شێلم دروست دەکرد بۆ پاک و خاوێنی ڕوخسار(الادريسي، ٢٠٠٢، ١، ١٢٧). لەهەمان کاتدا شاری حەلەب لانکەی یەکەمی بەرهەمهێنانی سابون بو بەزۆریی لە بەرهەمی داری زەیتون دروست دەکران(ابن العديم، د.س، ١، ٦٠؛ ابن الشحنه، ١٩٨٤، ٢٤٦-٢٤٨)، دو ڕەنگیان هەبون سابونی زەرد و سابونی سور(ابن بطوطه، ١٩٨٧، ١، ٨٥). جگە لەمانەش چەند پیشەسازییەکی خۆراکی بەدرێژایی دەسەڵاتی ئەیوبییەکان بەردەوام بون، بەتایبەت میوەی وشک کراوی مێوژ و هەنجیر و قەیسی، کە مێوژی وڵاتی میسر هاوتای نەبوە لە خۆشی و تامدا، هاوکات لە چەند شارێکی وڵاتی میسر چەند جۆرێکی شیرینی دروست دەکران، بەتایبەتی جۆرێکی بەناوبانگیان هەبو کە پێیدەوترا شیرینی (فانيد)، کە لە ئەنجامی گوشینی قامیشی شەکر بەرهەمدەهێنرا و شیرینیەکی دەگمەن و نایاب بو خواستی زۆری لەسەر بو(الادريسي، ٢٠٠٢، ١، ١٢٩-١٣١)، جگە لەمەش چەندین جۆری شیرینی بەرهەمدەهێنران لە وڵاتانی میسر و شام، چەند خانەیەکی تایبەت هەبون بە گوشینی قامیشی شەکر و دەرهێنانی شەکرەکەی ناوی ئەم خانانە بە (دار السكر) ناسرابون، شەکرە بەرهەمهێنراوەکە سودی لێوەردەگیرا بۆ دروستکردنی جۆرەکانی شیرینی بەتابیەتی دروستکردنی زلوبیا (الزلابيه)(الشيزري، ١٩٤٦، ٤٠-٤١). لێرەدا توێژەر گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە زۆربەی پیشەسازییەکانی سەردەمی ئەیوبی درێژەکراوە و درێژەپێدەری سەردەمی زەنگییەکان بون، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە زۆربەی پیشەوەرەکان ڕۆڵە و شاگردی وەستا و خاوەن کارەکانی سەردەمی زەنگییەکان بون، تەنانەت بەشێک لە خێزانەکان بەناوی پیشەکانەوە ناسرابون، لەگەڵ



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper28

ئەوەشدا پیشەکان پێشکەوتن و فراوانبونی زیاتریان بەخۆوە بینی و بەهۆی سیاسەتی کرانەوەی دەوڵەتی ئەیوبییەوە کە بو بە پاڵنەرێکی باش بۆ پێشکەوتنی پیشەکان و گەشەسەندنی هونەری و داهێنان تیایاندا.

**سێیەم: بازرگانی.**

ناوچەکانی سنوری دەوڵەتی زەنگی کە شاری موسڵ و هەرێمی جەزیرە و وڵاتی شامی لەخۆدەگرت دەکەوتە سەر شا ڕێگەی بازرگانی لە کۆندا کە بە ڕێگەی ئاوریشم (طريق الحرير) [iv] ناسرابو، جێگەی پێدا تێپەڕبونی کاروانە بازرگانییەکان بو لە خۆرهەڵاتی ئاسیا و وڵاتی هیندەوە بۆ بەندەرەکانی دەریای سپی ناوەڕاست. هاوکات هەڵمەتەکانی خاچدروشمان و دامەزراندنی چوار میرنشینی مەسیحی (بيت المقدس و روها و تەرابلوس و ئەنتاکیە)، لەسەر خاکی وڵاتی شام کە بونە ئەڵقەی پەیوەندی نێوان ئەوروپا و جیهانی ئیسلامی جموجۆڵی بازرگانی خێراتر کرد، چونکە بازرگانە ئەوروپییەکانی زیاتر ئاشنا کرد بە خێروبێری ڕۆژهەڵات (وليم الصوري، ١٩٩٢، ٢، ١٨٩؛ محمد العروسي المطوي، ١٩٨٢، ١٦٤)، لەلایەکی دیکەشەوە بەردەوام بونی جەنگەکان کاریگەری نەرێنی یان نەدەکردە سەر بازرگان و کاروانە بازرگانییەکان و بەردەوام بون لەسەر مامەڵە و ئاڵوگۆڕی کاڵاکان، دەسەڵاتدارانی جیهانی ئیسلامی گرفتیان بۆ بازرگانە ئەوروپییەکان دروست نەدەکرد، بازرگانانی دەوڵەتە شارەکانی ئیتاڵیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا لە ڕێگەی دەریای ناوەڕاستەوە بەردەوامیان بە پیشەی بازرگانی خۆیان دەدا لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا (ابن جبير، د.س، ٢٧١-٢٧٢؛ سعيد عبدالفتاح عاشور،١٩٥٩، ٢، ٩٥-٩٦).

نورەدین محمود هەر لە سەرەتای دەستبەکاربونیەوە کۆمەڵێک چاکسازی ئەنجامدا کە بەسودی گەشەی بازرگانی تەواوبون، لەوانەش لادانی ئەو باجە ناشەرعیانەی کە لەبازرگانەکان وەردەگیران، هەروەها دابینکردنی ئاسایش و پاراستنی گیانی بازرگانەکان و مسۆگەرکردنی سەلامەتی ڕێگاوبانەکان، ئەم هەنگاوانەش بونە پاڵنەرێکی باش بۆئەوەی ژمارەیەکی زۆرتر بازرگان ڕوبکەنە سنوری دەوڵەتەکەی و پیشەی بازرگانی ئەنجام بدەن(ابوشامە، ١٩٩٧، ١، ٥٤). هاوکات ناوچەکانی موسڵ و جەزیرە و شام (دیمەشق و حلب و شيزر و بعلبک...) پاشخانێکی مێژوییان هەبو، بەتایبەتی شاری دیمەشق کە پێگەیەکی بازرگانی گرنگی هەبو، بازرگانەکان قازانجێکی زۆریان دەستدەکەوت، کە ئەمەش سەرئەنجام بە سودی دەوڵەتیش دەشکایەوە چونکە ساڵی جارێک باج لە بازرگانەکان وەردەگیرا، ئەمەش لە بەرژەوەندی کەرتی ئابوری دەوڵەتی زەنگی تەواو دەبو(الادريسي، ٢٠٠٢، ١، ٣٦٩؛ زكي النقاش، ١٩٥٨، ١٨٧-١٨٨). لەلایەکی دیکەشەوە زۆربەی شارەکانی وڵاتی شام بە پیشە جۆربەجۆرەکان ناسرابون، بەرهەمەکانیشیان پیشەی بازرگانی زیاتر گەشە پێدەدا. هاوکات دوای ئەوەی نورەدین زەنگی توانی وڵاتی میسر ڕزگار بکات، بەمەش دەروازەیەکی ئابوری گرنگی بە ڕوی دەوڵەتەکەیدا کردەوە و گەیشتن بە کەناراوەکانی دەریای ناوەڕاست و دەستیانگرت بەسەر بەندەرەکانی ئەسکەندەریە و دمیاط و ئەسوان و بەندەری عیزاب لەسەر دەریای سور (بحر القلزم)(ابن الاثير، ١٩٦٣، ١٤٣-١٤٤؛ ابن قاضي شهبه، ١٩٧١، ١٨٦-١٨٧)، ئەمەش دەرفەتێکی نوێ بو بۆ دەوڵەتی زەنگی چونکە بەندەرەکانی سەر دەریای ناوەڕاست لە وڵاتی شام لەژێر دەسەڵاتی خاچییەکاندا بون.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper28

لە گرنگترین ئەو کاڵایانەی کە مامەڵەی بازرگانیان پێوەدەکرا بریتیبون لە کانزاکانی زێڕ و زیو مس، کۆیلە و شوشە و قوماش و کاغەز و بیبەر و گوێزی هیندی و بخور و خوێ و بەهارات کە بەکاردەهێنرا بۆ خۆشکردنی تام و تێکنەچونی خواردنەکان(محمد العروسی المطوی، ١٩٨٢، ١٦٥؛ محمد مؤنس احمد عوض، ١٩٩٨، ٢٤٠–٢٤١). ئەوەی جێگەی سەرنجە دەوڵەتی زەنگی وەکو دەسەڵاتە هاوسەردەمەکانی کاری دەکرد بۆ بەرەو پێشبردنی بازرگانی و گرنگیان دەدا بە خۆشکردنی ڕێگاکان و کردنەوەی مزگەوت و میوانخانە (الفندق) و خانەکان (الخانات) کە شوێنی پشودانی کاروانە بازرگانییەکان بون، بیری ئاویان تێدابو بۆ ئاو خواردنەوە و ئاودانی وڵاخەکانیان، هەروەها فرۆشگا (الحانوت) یان تێدابو تاوەکو بازرگانەکان کەلوپەل و پێداویستییەکانی لێبکڕن(ابن جبیر، د.س، ٢١٠؛ یاقوت الحموی، ١٩٧٧، ٤، ٢٧٧؛ زکی النقاش، ١٩٥٨، ١٩٢)، لەناو شارەکانیشدا بازاڕی گەورە هەبون کە ببونە مەڵبەندی ساغکردنەوەی کاڵای بازرگانەکان. هەروەها لە سەردەمی نورەدین محمود دا بازاڕی ڕۆژانە و هەفتانە (هەفتە بازاڕ) و بازاڕی وەرزی و بازاڕی ساڵانە هەبون(محمد نجیب و عبدالوهاب محمد حمد، ٢٠٠٩، ١٥٣).

بازرگانی لە سەردەمی ئەیوبیەکاندا سەرەڕای ئەوەی شوێنکەوتەی زەنگیەکان بون، بەڵام گەشەسەندنی زۆر زیاتری بەخۆیەوە بینی، لەلایەک بەهۆی فراوانبونی دەسەڵاتیان بە بەراورد بە زەنگیەکان، چونکە ئەیوبیەکان وڵاتی میسر و زۆربەی ناوچەکانی وڵاتی شام و هەرێمی جەزیرە و بەشێک لە خاکی سۆدان و یەمەن و حیجاز یان لەژێر دەستدا بو، کە ئەو ناوچانە خاوەنی چەندین ڕێگای وشکانی و ئاوی بازرگانی بون(ابن الاثیر، ١٩٨٧، ١٠، ٤٥، ٦٦–٦٩؛ ابن واصل، ١٩٥٧، ١، ٢٣٧؛ النویری، ٢٠٠٤، ٢٨، ٢٦١). هەروەها خاوەنی چەندین بەندەری گرنگ بون کە هۆکارێکی بەهێزبون بۆ پەرەسەندنی جموجۆڵە بازرگانییەکان بەتایبەتیش بەندەری ئەسکەندەریە لەسەر کەناری دەریای سپی ناوەڕاست و بەندەری عیزاب لەسەر دەریای سور (بحر القلزم) (ابن مماتی، ١٩٤٣، ٣٢٧؛ الباز العرینی، ١٩٦٧، ٢٠٢–٢٠٣)، هاوکات ئەم ناوچانە هەر لەکۆنەوە بە چەندین ڕێگاوبانی بازرگانی وشکانی بەیەکەوە بەسترابونەوە، بەتایبەت دوای ئەوەی لە ڕێگەی زەریای هیندیەوە ناوچەکانی خۆرهەڵاتی ئاسیای بە وڵاتی یەمەن دەگەیاند، لەوێوە ڕێگایەکی بازرگانی دەهات بەرەو شاری بەغداد پاشان بەرەو شاری موسڵ و لەوێشەوە بەرەو هەرێمی جەزیرە و وڵاتی شام، لەهەمانکاتدا ڕێگەیەکی دیکەی بازرگانی لە وڵاتی فارسەوە دەگەیشتە ئەم ناوچانە. تێکڕای کاڵا بازرگانییەکان بەرەو ناوچەکانی حەلەب و دیمەشق و تەرسوس و بەندەرەکانی وڵاتی شام و وڵاتی میسر بەڕێدەکران. زۆربەی کاروانە بازرگانییەکانیش لە ڕێگەی وشکانییەوە بە ناوچەکانی وڵاتی شام دەگەیشتن(ابن خرداذبة، ١٨٨٩، ٩٣–٩٨؛ الغزی، ١٩٨١، ١، ١٤٥).

دەوڵەتی ئەیوبی هەر لە سەردەمی سوڵتان سەلاحەدینەوە ڕێگەخۆشکەر بون بۆ فراوانبونی چالاکی بازرگانی، تەنانەت سەرەڕای درێژەکێشانی جەنگە خوێناوییەکان بەڵام مامەڵە بازرگانییەکان هەر بەردەوام بون و بازرگانە ئەوروپییەکان بە ئازادانە دەهاتنە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و بەردەوامیان بە پیشەکەیان دەدا و دەوڵەتی ئەیوبی گرفتی بۆ دروست نەدەکردن(ابن جبیر، د.س، ١٧١؛ احمد مختار العبادی، ١٩٩٢، ١١١). جگە لەمانەش دەوڵەتی ئەیوبی چەندین ڕێگە خۆشکەری و خزمەتگوزاری پێشکەش بە بواری بازرگانی دەکرد بە ئامانجی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper28

بەرەوپێشبردنی ئەم کەرتە ئابورییە گرنگە و هەربۆیەش دەستیانکرد بە نۆژەنکردنەوە و دروستکردنی ڕێگاکان و دروستکردنی مزگەوت و گەرماوەکان (الحمامات) و میوانخانە (الفندق) و خانەکان (الخانات)، لەسەر ڕێگە بازرگانیەکان لەوانەش دروستکردنی خانەی سوڵتان (خان السلطان) لەسەر ڕێگەی بازرگانی نێوان هەردو شاری حمص و دیمەشق، کە بەشێوەیەکی تۆکمە بنیاتنرابو، دەرگا و پەنجەرەکانی لە کانزای ئاسن دروستکرابون و بیری ئاوی تێدابو، هاوکات گرنگیشیان دەدا بە کردنەوەی ڕێگای بازرگانی فراوان لەوانەش بازاڕی شاری قیساریە(ابن جبیر، د.س، ٢١٠-٢٣٣؛ محمود یاسین احمد التكریتی، ١٩٨١، ٣٧٣). ئەیوبییەکان مۆڵەتیان بە هەندێک لە بازرگانە خاچییەکان دا هەتا لە چەند شارێکی سەر سنوری شام و میسردا نیشتەجێ ببن تەنانەت لە شارەکانی دیمەشق و بەیروت و حەڵەب و ئەسکەندەریەش دا جێگیرببون، سوڵتانی ئەیوبی بەپێی پەیماننامە بازرگانییە بەستراوەکانی هەردولا گیان و بەرژەوەندییەکانی بازرگانە خاچیەکانی دەپاراست(احمد مختار العبادی، ١٩٩٢، ١١١). ئەم خزمەتگوزاریانە بۆ سەرنج ڕاکێشان و هاندانی بازرگانە ئەوروپییەکان بو، چونکە بازرگانەکانی دەوڵەتە شارەکانی صقلیە و جەنەوا و بندقیە و مارسیلیا و بەرشەلۆنە ڕویان دەکردە شارەکانی ڕۆژهەڵات بۆ ئەنجامدانی مامەڵەی بازرگانی (عبدالامیر محمدامین و محمد توفیق حسین، ١٩٨٠، ٣٤٤) تەنانەت میوانخانە و شوێنی پشودانی تایبەتیان هەبو لە شارەکانی ئەسکەندەریە و دیمەشق و بەیروت و تەرابلوس و حەلەب و لازقیە، بازرگانەکانی بندقیە لە شاری ئەسکەندەریە دو میوانخانە (الفندق Fondaci)ی تایبەت بە خۆیان هەبو کە تیایدا دەمانەوە(الباز العرینی، ١٩٦٧، ٢٠٧)، سەبارەت بە بازەڕەکانیش ئەوا هەندێک لە مەلیکەکانی ئەیوبی شوێن دەستیان دیارە لە بنیادنان و پەرەپێدانیان، بۆ نمونە مەلیک (المنصور محمد) (م: ٦١٥ک/١٢٢٠ز) خاوەنداری حەما بازاڕێکی دیار و بەرچاوی دروستکردبو بە ناوی (المنصوریە) کە بازاڕێکی ڕێکخراو بوە تەواوی کۆگا و دوکانەکانی ڕێکخستنی بۆ کرابو بەپێی کاری پیشەوەرەکان هاوشێوەی ناوچەکانی دیکە، بەجۆرێک هەمو جۆرە شتومەکێی تێدا دروست دەکراو، دوکاندار و پیشەوەرەکانیش بە پێی کار و پیشەیان ڕێکخرابون (ابن جبیر، د.س، ٢٣١)، ئەوە لە کاتێکدا هەندێک ئاماژە لەبەر دەستدان کەوا مەلیکی ناوبراو خودی خۆی لە نزیکەوە چاودێری بازاڕەکەی کردوە، بەشێوەیەک باجی لەسەر هەندێک کاڵاو شمەکی وەکو ڕۆن و هەنگوین و لۆکە و و چەند کاڵایەکی دیکە هەڵگرتوە (احمد غسان سبانو، ١٩٨٤، ١٧٢)، جگە لەبازاڕ هەندێک لە مەلیکەکان ڕۆڵیان هەبو لە ئاسانکاری بۆ چالاکی بازرانی لە ڕێگەی بنیادنانی خان و میوانخانەکان، لەوانە (مەلیک ظاهر غازی) (٥٩٠-٦١٣ک/١١٩٤-١٢١٦ز)ی خاوەنداری حەلەب بۆ خزمەتکردنی زیاتر بەو کاروانە بازرگانییانەی کەوا لە ئیتاڵیاوە بەتایبەتی لە شاری بوندوقیەوە دەهاتن، هەڵسا بە دروستکردنی چەند میوانخانەیەک لەشاری حلب (محمود یاسین احمد التكریتی، ١٩٨١، ٤٠٦)، لەلایەکی دیکەش (مەلیک الاشرف موسی) (م:٦٣٥ک/١٢٣٧ز)، بۆ ئاسانکاری و خزمەتکردنی زیاتر بە بازگان و ڕێبواران لە نێوان شارەکان هەڵساوە بە بنیادنانی چەند کاروان سەرایەک لە نێوان شارەکانی حران و نصیبین لە هەرێمی جەزیرە (مؤلف مجهول، ٢٠٠٩، ٤١٩؛ ابن واصل، ١٩٥٧، ٤، ٢٦٤).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper28

ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە سەردەمی ئەیوبییەکاندا گەیشتە ئاستێکی باڵا و کەشتیە بازرگانیەکان پڕ دەکران لە کەلوپەلی ڕۆژهەڵاتی و لە بازاڕەکانی ئەوروپادا دەفرۆشران، لە دیارترین کاڵاکانیش قوماشی ئاوریشم و ڕاخەری گرانبەها و فەرشی تەبریزی کە لە ئەوروپا بە (tabiz) ناسرابو، کۆشکی خانەدانەکانی ئەوروپای پێ دەڕازێنرایەوە(احمد مختار العبادی، ١٩٩٢، ١١٢-١١٣؛ محمد العروسی المطوی، ١٩٨٢، ١٦٤). هەروەها چەندین کەلوپەل و پێداویستی ڕازاندنەوە و زەخرەفە و ڕستن و چنین لە قوماشی لۆکە و مەرەز کە لە موی نەرمی بزن دروستکرابون، و چەندین قوماشی تەنک و قوماشی ئاوریشمی ئەتڵەس و قوماشی دیمەشقی نایاب کە لەوپەڕی نەرمی و جوانیدا بون لە دیمەشقەوە دەگەیشتنە ئەوروپا و ڕەنگیان زەعفەرانی و زێڕی و پرتەقاڵی و سور بون(زیغرید هونکە، ١٩٩٣، ١٩). ئەمە سەرەڕای ئاشنابونی ئەوروپییەکان و گواستنەوەی چەندین بەرهەمی وەکو قاپ و شوشە و بەردی گرانبەها کە نیشتیمانی ڕەسەنی ئەم بەرهەمانە وڵاتی شام بو بەتایبەتی شاری دیمەشق(زکی النقاش، ١٩٥٨، ١٨٠). هاوکات ڕۆژئاواییەکان دەستیان گەیشت بەچەندین بەرهەمی وەکو قاوە و بەهارات و بیبەر و لیمۆندۆزی و برنج و لیمۆ و شوتی و قەیسی و ڕوەکی (خرنوب) کە لە بواری پزیشکیدا سودی لێوەردەگیرا (محمد العروسی المطوی، ١٩٨٢، ١٦٥؛ زیغرید هونکە، ١٩٩٣، ١٧-١٩). هەروەها بۆ یەکەم جار ئەوروپییەکان لەڕێگەی بازرگانی لەگەڵ مسوڵمانەکانەوە شەکریان ناسی و فێری بەکارهێنانی بون، لە بەرامبەریشدا بازرگانەکان چەند کاڵایەکیان لە خۆرئاواوە هاوردە دەکرد بۆ جیهانی ئیسلامی کە لە دیارترینیان تەختە و کانزا و کۆیلە بون(احمد مختار العبادی، ١٩٩٢، ١١٠). لێرەدا توێژەر گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە چالاکی بازرگانی لە سەردەمی ئەیوبی بەراورد بە سەردەمی زەنگی پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، ئەمەش بەسودی لایەنی ئابوری دەوڵەت تەواو بوە چونکە لە ڕێگەی وەرگرتنی زەکات و باجەکانەوە کە سەرچاوەیەکی ئابوری ئامادەکراو بون بۆ دەوڵەت وایدەکرد هەریەک لە دەوڵەتەکانی زەنگی و ئەیوبی بەشێک لە پێداویستی و خەرجییەکانی پێ پڕبکەنەوە بەتایبەت لایەنی جەنگی و ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاری.

## باسی دوەم: زەکات و سەرانە و زەویانە و دەسکەوتە جەنگیەکان.

### زەکات (الزکاة):

یەکێکە لە بنەماکانی ئاینی ئیسلام کە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی مەدینەوە موسڵمانان پێوەی پابەندکراون و لادان و خۆدزینەوە لە زەکات دان قبوڵ نەکراو بو، و هەر هەوڵ و هەڵگەڕانەوەیەک دژی پێدانی بە خەلافەت درابێت شکستی پێهێنراوە و گەڕێنراونەوە ژێر چەتری بنەماکانی ئاینی ئیسلام(ابن الجوزی، ١٩٩٣، ٤، ١٩؛ ابن الاثیر، ١٩٨٧، ٢، ٢٠٥-٢٠٦؛ ابن کثیر، ١٩٩٧، ٩، ٤٣٥). بەم جۆرە وەرگرتن و کۆکردنەوەی زەکات بو بەیەکێک لە سەرچاوەکانی دەستکەوتنی داهات ساڵی جارێک لە خەڵک و بازرگان و پیشەوەران وەردەگیرا لە بەرامبەر هەبونی ماڵ و سامان و زێڕ و ئاژەڵ و بەروبومە خۆراکییەکانیان، ئەم داهاتە دەستی دەوڵەت و فەرمانڕەواکانی واڵادەکرد بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاری وەکو دروستکردنی قوتابخانە و بیمارستان و جۆگەلەی ئاودێری و پرد و ڕێگاوبان و خەرجی سوپا و ئەنجامدانی فراوانخوازی (الجهاد)(ابن مماتی، ١٩٤٣، ٣٠٨-٣١١ ). دەوڵەتی ئەتابەکی زەنگی لە سەرەتای دامەزراندنیەوە پابەند بو بە وەرگرتنی زەکات دیوانێکی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper28

تایبەت یان بۆ تەرخانکردبو بەناوی (دیوانی زەکات)، هەروەها ئەو فەرمانبەرانەی کە لەو دیوانەدا کاریان دەکرد پێیان دەوترا (الضامن) واتە گەرەنتی کراو کە مەرج بو کەسانی دەست پاک و سپاردە پارێزبن(ابن واصل، ١٩٥٧، ١، ٢٦٩). هاوکات لە سەردەمی دەسەلاتی نورەدین محمود دا چاکسازی لە وەرگرتنی زەکاتدا ئەنجام داو سەرجەم باجە ناشەرعیەکانی لادا، تەنها زەکاتی شەرعی وەردەگرت سالی یەکجار لە سنوری دەسەلاتەکەیدا کە بەشێک لە خاکی جەزیرە و بەشی خۆرهەلاتی ولاتی شام بو (ابن الجوزی، ١٩٩٣، ١٨، ٢١؛ ابو شامە، ١٩٩٧، ١، ٥٤). هەرچەندە هەندێک جار لادان و ناپاکی لە زەکاتیش دا دەکرا، بەلگەی ئەمەش لە سەردەمی نورەدین زەنگیدا یەکێک لە لێپرسراوانی خانەی زەکات کە ناوی (ابو شمام) بو، تاوانبارکرا بەوەی کە مالّ و سامانێکی زۆری کۆکردۆتەوە، بۆیە لەلایەن دەولەتەوە ناچارکرا هەمو ئەو سامانەی کە بە ناشەرعی هەلّیگرتوە بیگێڕێتەوە بۆ خەزێنەی دەولەت، (ابو شمام) (م:٥٦٨ک/١١٧٣ز)، مالّ و سەروەتەکەی کە بەهای (٨٠٠٠) هەشت هەزار دینار بو گەڕاندیەوە بۆ دەولەت و پاشان خرایە زیندانەوە (ابن واصل، ١٩٥٧، ١، ٢٦٩). دوای ڕزگارکردنی ولاتی میسر و کۆتایی هێنان بە خەلافەتی فاطمی، لە سالّی (٥٦٧ک/١١٧١ز) دا، نورەدین محمود فەرمانی بە سەلاحەدین کرد کە چاکسازی لە بواری زەکات و باجەکاندا ئەنجام بدات و باجە ناشەرعییەکانی سەردەمی خەلافەتی فاطمی لابدات و هاوشێوەی دەولەتی زەنگیان لێبکات(ابن الجوزی، ١٩٩٣، ١٨، ٢١٨؛ ابوشامە، ١٩٩٧، ٢، ٢١٥).

سەلاحەدین ڕێنماییەکەی نورەدین محمودی جێبەجێ کرد و سەرجەم باجە سەپێنراوەکانی سەردەمی خەلافەتی فاطمی کە بە (مەکۆس) (٧) ناسرابون لابرد، چونکە لەگەلّ بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام نە دەگونجان، کە ژمارەیان (٨٨) هەشتاو هەشت باج بو، داهاتی سالانەیان (١٠٠،٠٠٠) سەد هەزار دینار بو (ابوشامە،١٩٩٧، ٣، ٩-١٠؛ المقریزی، ١٩٩٨، ١، ٢٩٨-٣٠٢). ئەم چاکسازیە تاوەکو کۆتایی دەولەتی ئەیوبی بەردەوامی هەبو، میر و دەسەلاتدارە ناوچەییەکانی بنەمالّەی ئەیوبی خۆیان لە وەرگرتنی باجە نا شەرعیەکان بەدور دەگرت(ابن واصل، ١٩٥٧، ٥، ٣١٣؛ ابن تغری بردی، ١٩٩٢، ٦، ١٧٠)، تەنها زەکاتیان وەردەگرت، کە بەرامبەر هەر (٢٠٠) دو سەد درهەمێک، (٥) پێنج درهەمیان وەردەگرت. لە ماوەی یەک سالّدا تەنها یەک جار کۆ دەکرایەوە ، بەلام دواتر بەهۆی خراپی بارودۆخی ئابوری کە لە ئەنجامی درێژەکێشانی جەنگەکاندا هاتە کایەوە، لەبری سالّێک لە ماوەی (١٠) دە مانگدا جارێک زەکات کۆدەکرایەوە(القلقشندی، ١٩١٤، ٣، ٤٦١)، هەرچەندە ئەیوبیەکان هەر بەوەشەوە نەوەستان و بەلّکو باجیان خستە سەر شمەک و کالای گەریدە و گەشتیارانیش سەرەڕای ئەوەی ماوەی شەرعیش یان تەواو نەکردبو(ابن جبیر، د.س، ١٢-١٣). لە سەردەمی ئەیوبیەکاندا لەو بەهایەی کە لە بازرگانە خاچیەکان وەردەگیرا کە دەهاتنە میسر دەگەیشتە (٥/١) پێنج یەک، بەپێی ئەوەی کە لەسەری ڕێککەوتبون، هەندێک جاریش زیاتر بو، چونکە نرخی کالایەک ئەگەر (١٠٠) دینار بوایە ئەوا نزیکەی (٣٥) دیناریان لێوەردەگیرا، بەلام ئەگەر نرخی کالایەک لە (٢٠) دینار کەمتر بوایە ئەوا (٥/١) پێنج یەکی لێوەردەگیرا، بەهەمو ئەو باجانەش دەوترا پێنج یەک (الخمس)( ابن مماتی، ١٩٤٣، ٣٢٦). سەبارەت بە چۆنیەتی کۆکردنەوەی زەکاتیش ئەیوبییەکان هاوشێوەی زەنگییەکان (دیوانی زەکات) یان دامەزراندبو، هەروەها ئەو فەرمانبەرەی کە سەرپەرشتی کۆکردنەوەی زەکاتی دەکرد پێی دەوترا (متولی الزکاة) واتە سەرپەرشتیاری زەکات، هاوکات سولّتان



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper28

سەلاحەدین کەسێکی بۆ بەڕێوەبردنی دیوانی زەکات دانابو ناوی (ابن حمدان م: ٦٠٩ک/ ١٢١٢ز) بو، کە توانی تەنها لە ماوەی یەک ساڵدا، لە ساڵی (٥٨٨ک/ ١١٩٢ز) دا، نزیکەی (٥٢٠٠٠) پەنجاو دو هەزار دینار بۆ خەزێنەی دەوڵەت کۆبکاتەوە، کە سودی لێوەردەگیرا بۆ خزمەتگوزاریە گشتییەکان و کڕین و بەردەست خستنی پێداویستیەکانی سوپا(ابن مماتي، ١٩٤٣، ٣٠٨-٣١٠؛ المقريزي، ١٩٩٨، ١، ٣١١-٣١٢). هاوکات ئەیوبیەکان هاوشێوەی زەنگیەکان دامەزراوەیەکی چاودێرییان هەبو لەسەر دەزگای کۆکردنەوەی زەکات و باجەکان بە مەبەستی ڕێگریکردن لە دروستبونی گەندەڵی و بە هەدەردانی داهاتی دەوڵەت. ئەو کەسەی کە سەرپەرشتیاری ئەم دامەزراوەی دەکرد پێی دەوترا (الشيخ الاجل) کە مەرج بو خاوەن پێگەیەکی بەرز بێت لە بواری ئاینی و کۆمەلایەتییەوە(ابن مماتی، ١٩٤٣، ٣٠٨-٣١٠).

## سەرانە (الجزيه):

سەرانە بڕەپارەیەکی دیاری کراو بو، ساڵی جارێک لە ئەهلی زیمە (مەسیحی و جولەکە) وەردەگیرا، لە بەرامبەردا دەسەلات گیان و سەروەت و سامانیانی دەپاراست و مافە ئاینی و کۆمەلایەتیەکانیان پارێزراو بون. داهاتی سەرانەی ئەهلی زیمە لە دیوانێکی تایبەتدا کۆدەکرایەوە کە پێی دەوترا (دیوانی الجوالی)، واتە ئەو پارەیەی کە لە شوێنکەوتوانی ئاینە ئاسمانیەکان وەردەگیرێن(ابن الفوطی، ١٣٥١، ١٤٥؛ العمری، ١٩٨٨، ١٩٤-٢١٢). لەناو سنوری دەوڵەتی زەنگیدا پەیڕەوکارانی ئاینە جیاوازەکان بە تەواوی مافەکانیان شاد بون، بەتایبەتی لە سەردەمی نورەدین محمود دا کە یەکێک بو لە دادپەروەرترین فەرمانڕەواکانی جیهانی ئیسلامی و بەبێ جیاوازی ڕەگەز و ئاین دەسەلاتداریەتی بەسەر دانیشتوانی دەوڵەتەکەی دەکرد(ابن الاثیر، ١٩٨٧، ١٠، ٥٦-٥٧ ، سبط ابن الجوزی، ٢٠١٣، ٢١، ٢١٠)، ژمارەیەکی زۆر لە ئەهلی زیمە لەناو دەوڵەتی زەنگیدا دەژیان بەتایبەتی لە شاری ڕوها و ڕەحبە و چیاکانی لوبنان و گوندەکانی دەوروبەری شاری موسڵ، ئەو سەرانەی ساڵی جارێک لێیان وەردەگیرا یەکێک بو لە داهاتە مسۆگەرەکانی دەوڵەتی زەنگی (ابوشامە، ١٩٩٧، ١، ١٤٠؛ ابن قاضي شهبە، ١٩٧١، ١٩-٢٥).

لە سەردەمی دەوڵەتی ئەیوبیدا ژمارەی ئەهلی زیمە زۆر زیاتر بو بە بەراورد بە سەردەمی دەوڵەتی زەنگی، چونکە سوڵتان سەلاحەدین چەندین ناوچەی لەژێر دەستی خاچیەکان ڕزگار کرد کە بەشێک لە دانیشتوانەکانیان (مەسیحی و جولەکە) بون، ئەوەی جێگەی سەرنجە سوڵتان سەلاحەدین بە هەمان شێوەی نورەدین زەنگی بەدادپەروەرانە مامەڵەی لەگەڵ ئەم ڕەگەزە جیاوازانەدا دەکرد و مافەکانیان پارێزراو بوە(ابن مماتی، ١٩٤٣، ٣١٧-٣١٨؛ القلقشندی، ١٩١٤، ٣، ٤٦٢؛ الحنبلی، د.س، ١٢٨). هاوکات ئەو کرانەوە ئابوریەی کە لە سەردەمی ئەیوبیەکاندا ڕویدا دەستی مەسیحی و جولەکەکانی والاتر کرد بۆ سەربەستی کارکردن و فراوانبونی پیشەی بازرگانی، کە لەبەرامبەر سەلامەتی گیانیاندا سەرانەیان لێ وەردەگیرا، بەدرێژایی ماوەی دەسەلاتی ئەیوبی سەرەڕای جەنگ و ڕوبەڕوبونەوەکان بەلام ئەهلی زیمە بە سەلامەتی لەژێر چەتری دەسەلاتی ئەیوبیەکاندا دەژیان(الباز العرینی، ١٩٦٧، ١٩٤؛ محمود یاسین احمد التکریتی، ١٩٨١، ٣٧٨). لە سەردەمی هەردو دەوڵەتی زەنگی و ئەیوبی بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و بەپێی ڕێنمایی فەقیهەکان سەرانەیان لە ئەهلی زیمە وەردەگرت



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper28

و دابەشیان کردبون بەسەر سێ چین دا و ساڵی جارێک سەرانەیان لێ وەردەگرتن. چینی یەکەم کە چینی باڵا و خاوەن سامانەکان بون بڕی (٤) چوار دیناری تەواو شەش یەکی دینارێکیان لێوەردەگیرا، چینی دوەم کە چینی ناوەند بون (٢) دو دینار و دو (قیراط) [vi] یان لێوەردەگیرا، چینی سێیەم کە چینی خوارەوەی ئەهلی زیمە بون تەنها (١) یەک دینار و دو (حەبە) [vii] یان لێوەردەگیرا، بەڵام ئافرەت و منداڵی بچوک و کۆیلە و ڕەبەن و بە تەمەن و هەژارەکان لە سەرانە دەبەخشران(قدامە بن جعفر، ١٩٨١، ٢٢٥؛ ابن مماتی، ١٩٤٣، ٣١٨؛ القلقشندی، ١٩١٤، ٣، ٤٦٢). لێرەدا توێژەر گەیشتە ئەو ڕاستیەی کە هەرچەندە هەردو دەوڵەتی زەنگی و ئەیوبی لە ململانێیەکی قوڵ و جەنگی درێژخایەندا بون لەگەڵ ئەوروپیە مەسیحیەکان، بەڵام هەرگیز ئەم جەنگە خوێناویانە نەبونە هۆی ڕق داگرتن لە ئەهلی زیمە و بەڵکو هەمیشە بنەماکانی ئیسلام کراونە پێوەری مامەڵە کردنێکی گونجاو و تەندروست لە گەڵیان لەناو سنوری دەوڵەتەکەیاندا.

**زەویانە (الخراج):**

زەویانە بڕە پارەیەکی دیاریکراو بو ساڵانە لە جوتیارەکان وەردەگیرا، هەر لە سەرەتای دامەزراندنی خەلافەتی ئیسلامیەوە وەکو بنەمایەک چەسپابو بەگوێرەی ڕوبەری زەویەکە بڕە پارەیەکی خەمڵێنراویان لێوەردەگیرا، ئەو پارەیەی لە جوتیار و خاوەن زەویەکان کۆدەکرایەوە دەبو بە سەرچاوەیەکی دارایی باش بۆ دەوڵەت و بەشێک لە پێداویستییەکانی پێ پڕدەکرایەوە، ناوچەکانی جەزیرە و شام هەر لە سەرەتای ڕزگارکردنی ئیسلامیەوە بە ناوچەی بەبڕشت و بە بەرهەم ناسرابون(قاضی ابو یوسف، ١٩٧٩، ٢٣-٣٩؛ الماوردی، ١٩٨٩، ٢٥٢-٢٥٦؛ القلقشندی، ١٩١٤، ٣، ٤٥٨). بنەماڵەی زەنگی دوای دامەزراندنی دەوڵەتەکەیان هەوڵی فراوانخوازی و دەست بەسەردا گرتنی خاکی ناوچەکانی دەوروبەریان داوە ئەم هەنگاوەش جگە لە ئامانجە سەرەکیەکەی کە بریتی بو لە دورخستنەوەی مەترسی خاچییەکان، هاوکات دەبو بەهۆی زیادبونی داهاتی ساڵانەیان کە لە دانیشتوانی ناوچەکانیان وەردەگرت بەناوی زەکات و زەویانەوە(ابن عماد الحنبلی، ١٩٨٦، ٦، ٣٣٧؛ السیوطی، ٢٠١٣، ٦٧٩)، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە بابەتی وەرگرتنی زەویانە لە سەردەمی زەنگیدا کەمێک نا ڕۆشنە و کەمتر وردەکاریەکانی باس کراون تەنها ئاماژە بە نمونەیەک دراوە کە نورەدین محمود لە ساڵی (٥٤٤ک/١١٤٧ز)دا، زەویانەی لە دانیشتوانی معرە النعمان و حۆران[viii] وەرگرتوە، و لەناو دیوانی (الخراج الاملاک) دا تۆمارکراوە(ابن القلانسی، ١٩٠٨، ٣٠٩؛ ابن الاثیر، ١٩٦٣، ١٢٨؛ ابن قاضی شهبە، ١٩٧١، ٧١).

لە سەردەمی دەوڵەتی ئەیوبیدا ڕونتر ئەو لایەنە دەرکەوت و لە هەردو وڵاتی میسر و شام وەرگرتنی زەویانە لە جوتیار و خاوەن زەویە داچێنراوەکان بەگوێرەی شەریعەتی ئیسلام بەردەوام بو، داهاتەکەشی دەخرایە خزمەت پێداویستیەکانی دەوڵەتەوە(القلقشندی، ١٩١٤، ٣، ٤٥٥؛ المقریزی، ١٩٩٨، ١، ٢٨٨). لەماوەی دەوڵەتی ئەیوبیدا چۆنیەتی وەرگرتنی زەویانە وردتر و ڕێکوپێک تر بەڕێوە دەچو (بەراورد بە سەردەمی زەنگی)، سەلاحەدین لە سەردەمی خۆیدا بەگوێرەی ڕوبەری زەویەکە کە بە (فدان) [ix] دابەش کرابو زەویانەی لێوەردەگرتن، بەرامبەر هەر فەدانێک کە بەگەنم و جۆ داچێنرابو (٢-٣) دو بۆ سێ ئەردەب (الاردب) [x] یان لە بەرهەمەکەی لێوەردەگرت، ژمارەی وەرگرتنی بەرهەمەکان بە ئەردەب دیاری کراو نەبو بەڵکو بەگوێرەی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper28

ساڵەكان و شوێنەكان و بەرهەمەكان گۆڕانكاری بەسەردا هاتوە(ابن مماتی، ١٩٤٣، ٢٥٩-٢٦١؛ القلقشندی، ١٩١٤، ٣، ٤٥٥). هەروەها ئەیوبیەكان دیوانی زەویانە (دیوان الخراج) یان دامەزراندبو بۆ ڕێكخستن و وەرگرتن و كۆكردنەوەی داهاتی ناوچەكان، ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەیوبییەكان تەنها لە ڕوی سیاسیەوە نەكەوتونە ژێر كاریگەری زەنگیەكان، بەڵكو لە زۆربەی ڕەهەندەكانەوە ئەم ڕەنگدانەوە بەدیكراوە، لەوانەش زەویانە (الخراج)، كە لە سەردەمی دەوڵەتی ئەیوبیدا تەنها زەویانەی شاری حلب كە پایتەختی دەوڵەتی زەنگی بو لە پێشتردا، لە سەردەمی سوڵتان سەلاحەدین دا داهاتی زەویانەی ئەم شارە (١٠،٠٠٠) دە هەزار درهەم بو تەنها لە ساڵی (٥٨٥ك/١١٨٩ز)دا، دواتریش لە سەردەمی مەلیک (ظاهیری كوڕی سەلاحەدین)دا (٥٩٠-٦١٣ك/١١٩٤-١٢١٦ز) داهاتی هەر ساڵێكی (٦٠٠٠) شەش هەزار درهەم بوە(ابن شداد، ١٩٩١، ١، ١، ١٥٤-١٥٥). كۆكردنەوەی ئەو بڕە پارە زۆرە لە سەرجەم شارەكان دەبوە هۆی بەهێز بونی پێگەی دارایی دەوڵەت، ئەمەش وایدەكرد كە دەسەڵاتداران بەچاوی ئومێدەوە لەم كەرتە ئابوریە بڕوانن و گرنگی بدەن بە پاراستنی گیانی جوتیارەكان و خاكەكەیان و بیانپارێزن لە مەترسی و پەلاماردانی دوژمن.

**دەستكەوتەكانی جەنگ (الغنیمة):**

لە سەرەتای دامەزراندنی خەلافەتی ئیسلامیەوە بەهۆی ڕودانی جەنگ و ڕوبەڕو بونەوەكان لەگەڵ بێباوەڕەكان و سەركەوتن بەسەریاندا، كەلوپەل و پارە و زێڕە دەست بەسەرداگیراوەكان بون بەشێک لە داهات، لە جەنگی بەدری ساڵی (٢ك/٦٢٤ز)دا، لە نێوان مسوڵمانان و قوڕەیشیەكاندا كە بە سەركەوتنی سوپای ئیسلام كۆتایی پێهات، پێغەمبەر (د.خ) بەشێک لە دەستكەوتەكانی جەنگەكەی بۆ گەنجینەی خەلافەت (بیت المال) دانا و بەشەكەی دیكەشی بەسەر جەنگاوەرەكاندا دابەشكرد وەكو پاداشتێک لە بەرامبەر بەشداریكردنیان و ئامادەبونیان بە گیان بەخشین لە پێناو سەرخستنی ئاینی ئیسلام (الطبری، د.س، ٣٨؛ ابن الاثیر، ١٩٨٧، ٢، ٣٠-٣٢؛ ابن خلدون، ٢٠٠٠، ٢، ٤٢٦). لەوە بەدواوە بو بەنەریت لە جیهانی ئیسلامیدا و لە سەردەمی دەوڵەتی زەنگیدا و لەماوەی دەسەڵاتی عیمادەدین زەنگی دامەزرێنەری دەوڵەتدا كە زۆربەی كاتەكان سەرقاڵی جەنگ و ڕوبەڕو بونەوەی سەربازی بو، هاوكات توانی زنجیرەیەک سەركەوتن تۆماربكات و ژمارەیەكی زۆر ئەسیری جەنگ و كەل و پەل و سامانی دەستكەوت، بەتایبەتی لە ئازادكردنی شاری روها لە ساڵی (٥٣٩ك/١١٤٤ز)دا، سوپای زەنگی دەستیانگرت بەسەر سەروەت و سامانێكی زۆردا و گواستیانەوە بۆ شاری حلب و بەشێكی بەسەر جەنگاوەرە بەشداربوەكاندا دابەشكرا و بەشەكەی دیكەش خرایە ناو خەزێنەی دەوڵەتەوە(ابن القلانسی، ١٩٠٨، ٢٨٨؛ ابوشامە، ١٩٩٧، ١، ١٧٥-١٧٦).

لە ماوەی دەسەڵاتی نورەدین محمود دا زنجیرەی جەنگە یەک لە دوای یەكەكان درێژەیان هەبو، بەهۆی زۆری سەركەوتنەكانیشەوە دەبونە سەرچاوەیەكی دارای باش بۆ دەوڵەتی زەنگی یەكێک لەو نمونانەش كاتێک لە ساڵی (٥٥٩ك/١١٦٤ز)دا، سوپای زەنگی بە هاوپەیمانی لەگەڵ سەلجوقییەكان توانیان دەستبگرن بەسەر شاری ئەنتاكیە داو لەژێر دەسەڵاتی خاچیەكان دا ڕزگاریان كرد، هەربۆیەش ماڵ و سامانێكی زۆریان دەستكەوت و بوە سەرچاوەیەكی دارایی بەسود بۆ دەوڵەتی زەنگی و پاداشت بۆ جەنگاوەرە بەشداربوەكانی جەنگەكە(ابن


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper28

الاثير، ١٩٦٣، ١٢٥؛ ابن العديم، ١٩٩٦، ٢٤٧؛ ابن قاضي شهبه، ١٩٧١، ١٦٧). هەروەها دوای ڕزگارکردنی وڵاتی میسر بە سەرکردایەتی ئەسەدەدین شێرکۆی ئەیوبی کە یەکێک بو لە فەرماندە دیارەکانی سوپای زەنگی دەستیانگرت بەسەر سەروەت و سامان و کۆگا و خەزێنەکانی میسر کە یەکێک بو لە وڵاتە گرنگ و دەوڵەمەندەکانی جیهانی ئیسلامی و بو بەهۆی کرانەوەی دەوڵەتی زەنگی بەڕوی ئەم وڵاتە بە بایەخ و پێگەیشتوە بازرگانییە کە بو بەهۆی زیادبونی داهاتی نوێ بۆ کۆگاکانی دەوڵەتەکەی نورەدین زەنگی(سبط ابن الجوزی، ٢٠١٣، ٢١، ١٤٩؛ ابن كثير، ١٩٩٧، ١٦، ٤٣١).

لە سەردەمی ئەیوبیەکانیش زنجیرەی جەنگ و ڕوبەڕو بونەوە خوێناویەکان لەگەڵ خاچپەکان گەیشتە لوتکە و هەردو بەرەی ئیسلامی و خاچی بەچەندین سەرکەوتن و شکستی نوێ ئاشنابون، بەتایبەتی لە جەنگی (حطين)ی ساڵی (٥٨٣ك/١١٨٧ز)دا، کە سوپای ئەیوبی توانیان سەرکەوتن بەسەر خاچییەکاندا تۆمار بکەن و شاری عەککا یان ڕزگارکرد و دەستیانگرت بەسەر ماڵ و سامانێکی زۆر و هەژمار نەکرا و لە زێڕ و خشڵ و کەلوپەلی جوانکاری و خواردەمەنی و شەکر و چەک و چەندین جۆر پێداویستی خۆشگوزەرانی، چونکە شارەکە خاوەن پێگەیەکی بازرگانی گرنگ بو(ابن الاثير، ١٩٨٧، ١٠، ١٤٩-١٥٠؛ ابن شداد، ٢٠١٣، ٧١؛ ابوشامه، ١٩٩٧، ٣، ٣٠٨). دەستکەوتەکانی ئەم جەنگە بەشێکی بونە پشکی مەلیک (الافضل) (م:٦٢٢ك/١٢٢٥ز) ی کوڕی سوڵتان سەلاحەدین کە وەکو کاربەدەستی شارەکە دیاریکرا و بەشەکەی دیکەش بەسەر میر و دەرەبەگە سەربازی و جەنگاوەرە بەشداربوەکانی شەڕەکەدا دابەشکران(ابن الاثير، ١٩٨٧، ١٠، ١٤٩؛ ابن واصل، ١٩٥٧، ٢، ٢٠١؛ الحنبلي، د.س، ١٢٢).

زنجیرەی سەرکەوتنەکانی جەنگی حطين هەر بە ئەوەندەوە نەوەستان و بەڵکو سەلاحەدینی ئەیوبی توانی شاری قودسیش ڕزگار بکات کە بە یەکێک لە گەورەترین سەرکەوتنەکانی ژیانی دادەنرێت، چونکە شارەکە خاوەن پێگەیەکی ئاینی شکۆدار بو لەلای مسوڵمانەکان و یەکێک بو لە سێ شوێنە پیرۆزەکانی مسوڵمانان لەدوای شارەکانی مەککە و مەدینەوە تەنانەت تاوەکو ساڵی (٢ك/٦٢٤ز) ڕوگە (القبله)ی مسوڵمانان بو، پاشان بە فەرمانی خوای گەورە ڕوگەی مسوڵمانان گۆڕدرا بۆ کەعبەی پیرۆز لە شاری مەککە(ابن خياط، ١٩٥٨، ٦٣؛ ابن الجوزي، ١٩٩٣، ٣، ٩٣)، هەربۆیەش سەلاحەدین بەوپەڕی توانایەوە کاری دەکرد بۆ ڕزگارکردنی ئەم شارە و دوای گەمارۆیەکی سەخت خاچییەکانی ناچار کرد کە بەپێی ڕێککەوتنێک شارەکەی ڕادەست بکەن(البنداري، ١٩٧٩، ٣٠٩؛ بيبرس المنصوري، ١٩٩٣، ٤؛ المقريزي، ١٩٩٧، ١، ٢١٠). و تەواوی دانیشتوانە مەسیحیەکانی شارەکە وەکو دەستکەوتی جەنگ هەژمارکران و پێویست بو لەبەرامبەر ڕزگاربونیان و دەرچونیان لە شارەکە بڕێک پارە بدەنە دەوڵەتی ئەیوبی کە بەم شێوەیە پۆلێن کرابون، پیاوان بە هەژار و دەوڵەمەندەوە مەرج بو (١٠) دە دینار بدەن، ژنانیش (٥) پێنج دینار و لاوانیش (٢) دو دینار و منداڵانیش (١) یەک دینار بدەن. وەرگرتنی ئەم بڕە پارەیە لە تەواوی خەڵکی شارێکی گەورە داهاتێکی زۆری بۆ ئەیوبیەکان مسۆگەرکرد(ابو شامه، ١٩٩٧، ٣، ٣٢٢؛ ابن واصل، ١٩٥٧، ٢، ٢١٤؛ الحنبلي، د.س، ص١٢٨). هەرچەندە لە کۆتایدا سوڵتان سەلاحەدین هەمو ئەوکەسانەی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper28

بەخشی کە لەبەر هەژاری و نەبونی نەیانتوانی بو پارەی دیاریکراو بدەن هەربۆیە ڕێگەیان پێدرا لە یەکێک لە دەروازەکانی شارەکەوە بڕۆنە دەرەوە(المقریزی، ١٩٩٧، ١، ٢١٠).

لە کۆتاییەکانی دەوڵەتی ئەیوبیدا و لە ساڵی (٦٤٧ک/١٢٤٩ز)دا، خاچیەکان لەشکرکێشی حەوتەمیان بە سەرکردایەتی لویسی نۆیەمی (م: ٦٦٨ک/١٢٧٠ز) پاشای فەرەنسا بۆسەر وڵاتی میسر ئەنجامدا و زنجیرەیەک جەنگ و ڕوبەڕو بونەوەی خوێناوی لە نێوانیاندا بەرپابو، سەرئەنجام سوپای ئەیوبی توانیان بەرپەرچیان بدەنەوە و سەرکەوتنیان بەدەست هێنا(سبط ابن الجوزی، ٢٠١٣، ٢٢، ٤١٢؛ الدواداری، ١٩٧٢، ٧، ٣٦٥-٣٦٦؛ ابو الفداء، د.س، ٣، ٢١٩)و توانیان لویسی نۆیەمی پادشای فەرەنسا بەدیل بگرن و هاوکات دەستیانگرت بەسەر بڕێکی زۆر لە چەک و کەلوپەلی سوپای خاچییەکان و ناچاریان کردن پاشەکشە بکەن لە خاکی میسر(ابن ایاس، ١٩٧٥، ١، ٢٨١؛ جوزیف نسیم یوسف، د.س، ٧٨). هەروەها بۆ چارەسەرکردنی چارەنوسی لویسی نۆیەم و دیلە خاچیەکان پەنا برایە بەر ڕێککەوتن و ئەیوبییەکان و میرە مەمالیکەکان کە سەرکردایەتی بەرەی بەرگری میسریان دەکردو خاوەنی سەرکەوتنەکە بون لە بەرامبەر ئازادکردنی لویسی نۆیەم برا و خێزانەکەی و هاوڕێکانی بڕی چوار هەزار دیناریان لە خاچیەکان وەرگرت و گرێبەستێکی ئاشتیانەیان بۆ ماوەی دە ساڵ واژۆکرد(المقریزی، ١٩٩٧، ١، ٤٦٠؛ ابن تغری بردی، ١٩٩٢، ٦، ٣٦٩). بەم جۆرە گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە سەرەڕای ئەوەی جەنگەکان دەبونە ماڵوێرانی و کاولکاری شارەکان و کوژرانی جەنگاوەرەکان و خەڵکی گشتی، بەڵام زۆربەی سەرکەوتنەکان دەبونە هۆی بەدەستهێنانی داهاتی باش بۆ دەوڵەت و سەرکردە و جەنگاوەرە بەشدار بوەکان.

## دەرئەنجام :

لە ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوەی کە ئەنجاماندا، بە چەند خاڵێک گەیشتین:

- هەردو دەوڵەتی زەنگی و دەوڵەتی ئەیوبی دو دەسەڵاتی کاریگەری سیاسی و سەربازی ماوەکانی کۆتایی خەلافەتی عەبباسی بون و توانیویانە شوێن پەنجەی خۆیان لە مەیدانی جەنگی و شارستانی و ئابوریدا بنەخشێنن و خزمەتێکی زۆر بە شکۆی خەلافەتی ئیسلامی بکەن.
- سیستەمی ئابوری دەوڵەتی زەنگی هەڵقوڵاوی سەردەمەکەو سروشتی خاکی وڵاتی شام و هەرێمی جەزیرە بوە، لە چۆنیەتی شێوازی باوی کشتوکاڵی و پیشەسازی ناوخۆیی و بازرگانی پشت پێ بەستراو، هەمو ئەو تایبەندمەندیانەش گواستراونەوە ناو دەوڵەتی ئەیوبی و کاریگەرییان لەسەر سیستەمی ئابورییەکەی دروست کردو پێشکەوتنیان بە خۆوە بینی بە تایبەت پیشەی بازرگانی کە گەیشتە ئاستێکی باڵاو تا ڕادەیەکی بەرز لایەنی دارایی دەوڵەتی ئەیوبی مسۆگەر کردبو بەرێژەیەکی زۆر پشتی پێ دەبەسترا.
- سیستەمی وەرگرتنی زەکات و سەرانە و زەوییانە و دەستکەوتەکانی جەنگ لەسەردەمی زەنگییەکاندا هاوشێوەی نەریتە باوەکانی خەلافەتی ئیسلامی بون، هەر بەم شێوازەش گوازراونەوە ناو دەوڵەتی ئەیوبی و لە سیستەمی ئابورییەکەیدا ڕەنگی دابیەوە لە سەرەتادا بە هەمان ڕێچکە پەیرەوکرا، بەڵام دواتر بە گوێرەی پێداویستییەکانی دەوڵەت دەستکاری ڕێژەو چەندیەتی ماوە و کاتی وەرگرتنی باجەکان دەکرا، هاوکات بە هۆی درێژە کێشان و فراوانبونی بەرەکانی جەنگەوە دەستکەوتە جەنگیەکان چەند ئەوەندەی سەردەمی زەنگییەکان زیادیان کرد.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper28

# The Economic Impact of the Zangi State (521H/1127AD – 569H/1174AD) on Ayyubid State (570H/1175AD – 647H/1250AD).

**Ahmed Rahda Ahmed[1] - HamaSalh Hassan Khdir[2]**
[1+2]Department of History, College of Humanity Science, University of Raparin, Rania, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstrcat:

The ayyubid and zangi dynasties were two sem – independent rules within the Islamic world. They were founded during the period in which the abbasid and the suljukians ruled. The center of the zangi state is rule was located in mousil, part of cezere rigion and east of the levant state, and the ayyubid family were living peacefully under the zangi state in balabag city, where they held significant administrative and military positions. Following the death of nuraddin zangi in (569 H/1174 AD), the ayyubid family had the chance to establish their own dynasty. Since saladdin al-ayyubi who was who was nurradin zangis deputy in Egypt، managed to take advantage of the political and military gaps arose due to nuraddins death. Therefor, in (570 H/1175 AD), he established the ayyubid state in Egypt.

Since it was founded over the same zangi state lands, the ayyubid state posses many features and similarities of the zangis. Especially in politics، administration, economy, civilization, etc… here, we shed some light on the economic impact which copy the zangi rules in most aspects. They focused on improving agricultural and industrial activities, commerce in Levant and Egypt on the Mediterranean and the red sea. Also, they zakat, taxes and the way they dealt with things captured in battles. They made some reforms to remove the burden of extra taxies imposed by the zangi state.

**Keywords**: Agriculture, Industry, Commerce, Divan.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper28**

## سەرچاوەکان:

ابن الاثير، عزالدين ابو الحسن بن عبدالواحد الشيبانى (١٩٦٩م), التاريخ الباهر فى الدولة الاتابكية، تحقيق، عبدالقادر احمد طليمات، دار الكتب الحديثة، مصر.

ابن الاثير، عزالدين ابو الحسن بن عبدالواحد الشيبانى (١٩٨٧م), الكامل فى التاريخ، تحقيق، ابى الفداء عبدالله القاضى، الطبعة الأولى، دار الكتب العلمية، بيروت.

الادريسى، ابو عبدالله محمد الادريسى القرطبى الحسنى السبتى (٢٠٠٢م), نزهة المشتاق فى اختراق الافاق، مكتبة الثقافة الدينية، القاهرة.

الاصطخرى، ابو اسحاق ابراهيم بن محمد الفارسى (١٨٨٩م), المسالك و الممالك، مطبعة بريل، ليدن.

ابن اياس، محمد بن احمد بن اياس الحنفى (١٩٧٥م), بدائع الزهور فى وقائع الدهور، تحقيق، محمد مصطفى، المعهد الالمانى للابحاث الشرقية، بيروت.

ابن بطوطة، ابو عبدالله محمد بن عبدالله اللواتى الطنجى (١٩٨٧م), رحلة ابن بطوطة تحفة النظار في غرائب الامصار و عجائب، تحقيق: محمد عبدالمنعم العريان، الطبعة الاولى، دار احياء العلوم، بيروت.

البندارى، الفتح بن على (١٩٧٩م), سنا البرق الشامى، تحقيق، فتحية النبراوى، مكتبة الخانجى، مصر.

بيبرس المنصورى، ركن الدين بيبرس المنصورى الناصرى الخطائى الدوادار المصرى (١٩٩٣م), تاريخ الدولة الايوبية و دولة المماليك البحرية، تحقيق، عبدالحميد صالح حمدان، الطبعة الاولى، دار المصرية اللبنانية، القاهرة.

ابن تغرى بردى، جمال الدين ابى المحاسن يوسف الاتابكى (١٩٩٢م), النجوم الزاهرة فى ملوك مصر و القاهرة، الطبعة الاولى، الدار الكتب العلمية، بيروت.

ابن جبير، ابو الحسن محمد بن احمد بن جبير الكنانى (د.س), رحلة ابن جبير، دار صادر، بيروت.

ابن الجوزى، ابو الفرج عبدالرحمن بن ابى الحسن على بن محمد القريشى (١٩٩٣م), المنتظم فى تاريخ الملوك و الامم، تحقيق، محمد عبدالقادر عطا و مصطفى عبدالقادر عطا، الطبعة الاولى، دار الكتب العلمية، بيروت.

الحنبلى، احمد ابراهيم (د.س), شفاء القلوب فى مناقب بنى ايوب، تحقيق، ناظم رشيد، مكتبة القمة، الموصل.

ابن حوقل، ابو قاسم محمد بن على الموصلى (١٩٢٨م), صورة الارض، الطبعة الثانية، مطبعة بريل، ليدن.

ابن خرداذبة، ابى القاسم عبدالله بن عبدالله (١٨٨٩م), المسالك و الممالك، مطبعة بريل، ليدن.

ابن خلدون، عبدالرحمن بن محمد (٢٠٠٠م), تاريخ ابن خلدون، دار الفكر، بيروت.

ابن خياط، ابو عمر خليفه بن خياط الليثى العصفورى (١٩٨٥), تاريخ خليفه ابن خياط، تحقيق، اكرم ضيا العمرى، الطبعة الثانية، دار طيبة، الرياض.

الدوادارى، ابوبكر بن عبدالله بن ايبك (١٩٧٢م), كنز الدرر و جامع الغرر، تحقيق، سعيد عبدالفتاح عاشور، دار احياء، القاهرة.

سبط ابن الجوزى، شمس الدين ابو المظفر يوسف بن عبدالله (٢٠١٣م), مرأة الزمان فى تواريخ الاعيان، تحقيق، ابراهيم الزيبق، الطبعة الاولى، مطبعة الرسالة العالمية، دمشق.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper28

السيوطى، جلال الدين عبدالرحمن بن ابى بكر (٢٠١٣م), تاريخ الخلفاء، الطبعة الثانية، مركز دار المنهاج للنشر و التوزيع، بيروت.

ابو شامة، ابو القاسم شهاب الدين عبدالرحمن الدمشقي (١٩٩٧م). الروضتين فى اخبار الدولتين النورية و الصلاحية، تحقيق، ابراهيم الزيبق، الطبعة الاولى، مؤسسة الرسالة للطباعة و النشر و التوزيع، بيروت.

ابن شداد، يوسف بن رافع بن تميم بن عتبه الاسدى الموصلى (٢٠١٣م), النوادر السلطانية و المحاسن اليوسفية، مؤسسة هنداوى للتعليم و الثقافة، القاهرة.

ابن شداد، عزالدين محمد بن على بن ابراهيم الانصارى (١٩٩١م), الاعلاق الخطيرة فى ذكر امراء الشام و الجزيرة، تحقيق، يحيى زكريا عبارة، منشورات وزارة الثقافة، دمشق.

ابن الشحنة، ابى الفضل محمد (١٩٨٤م), الدر المنتخب فى تاريخ مملكة حلب، دار الكتاب العربى، دمشق.

الشيزرى، عبدالرحمن بن نصر (١٩٤٦م), نهاية الرتبة فى طلب الحسبة، مطبعة التاليف و ترجمة و النشر، القاهرة.

الطبرى، ابو جعفر محمد بن جرير (د.س), تاريخ الامم و الملوك، دار الكتب العلمية، بيروت.

ابن العديم، الصاحب كمال الدين عمر بن احمد بن ابى جراده (د.س), بغية الطلب فى تاريخ حلب، الطبعة الاولى، دار الكتب العلمية، بيروت.

ابن العديم، الصاحب كمال الدين عمر بن احمد بن ابى جراده (١٩٩٦م), زبدة الحلب من تاريخ حلب، الطبعة الاولى، دار الكتب العلمية، بيروت.

ابن العماد الحنبلى، عبدالحى بن احمد بن محمد بن العماد (١٩٨٦م), شذرات الذهب فى اخبار من ذهب، الطبعة الاولى، دار ابن كثير، دمشق.

العمرى، شهاب الدين احمد بن يحيى (١٩٨٨م), التعريف بالمصطلح الشريف، تحقيق، محمد حسن شمس الدين، الطبعة الاولى، دار الكتب العلمية، بيروت.

ابو الفداء، الملك المؤيد عمادالدين اسماعيل بن على (د.س), المختصر فى اخبار البشر، تحقيق، د. محمد زينهم محمد عزب و يحيى سيد حسين، الطبعة الاولى، دار المعارف، القاهرة.

ابن الفوطى، ابى الفضل عبدالرزاق البغدادى (١٣٥١هـ), الحوادث الجامعة و التجارب النافعة فى المائة السابعة، مطبعة الفرات، بغداد.

ابن قاضى شهبة، ابوبكر احمد بن محمد بن عمر (١٩٧١م), الكواكب الدرية فى السيرة النورية، تحقيق، محمود زايد، الطبعة الاولى، دار الكتب الجديد، بيروت.

القاضى ابى يوسف، يعقوب بن ابراهيم (١٩٧٩م), كتاب الخراج، دار المعرفة للطباعة و النشر، بيروت.

قدامة بن جعفر (١٩٨١م), الخراج و صناعة الكتابة، تحقيق، د. محمد حسين الزبيدى، دار الرشيد للنشر، بغداد.

ابن القلانسى، ابى يعلى حمزة (١٩٠٨م), ذيل تاريخ دمشق، مطبعة الاباء اليسوعيين، بيروت.

القلقشندى، ابى العباس احمد (١٩١٤م), صبح الاعشى فى صناعة الانشا، مطبعة الاميرية، القاهرة.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper28**

ابن كثير، عمادالدين ابو الفداء اسماعيل بن عمر (١٩٩٧م), البداية و النهاية، تحقيق، عبدالله عبدالمحسن التركى، الطبعة الثانية، دار الهجر، الجيزه.

الماوردى، ابى الحسن على بن محمد بن حبيب (١٩٨٩م), الاحكام السلطانية و الولايات الدينية، تحقيق، د. احمد مبارك البغدادى، الطبعة الاولى، مكتبة دار ابن قتيبة، الكويت.

المقدسي، ابو عبدالله محمد بن احمد بن ابي بكر (١٩٩١م), أحسن التقاسيم في معرفة الأقاليم، الطبعة الثانية، مكتبة مدبولي، القاهرة.

المقريزى، تقى الدين احمد بن على (١٩٩٧م), السلوك لمعرفة دول الملوك، تحقيق، محمد عبدالقادر عطا، الطبعة الاولى، دار الكتب العلمية، بيروت.

المقريزى، تقى الدين احمد بن على (١٩٩٨م), الخطط المقريزيه، تحقيق، محمد زينهم و مديحة الشرقاوى، الطبعة الاولى، مكتبة مدبولى، القاهره.

ابن مماتى، ابو المكارم اسعد بن مهذب (١٩٤٣م), قوانين الدواوين، تحقيق، عزيز سوريال عطية، مطبعة مصر، القاهرة.

مؤلف المجهول (٢٠١٠م), تاريخ دولة الاكراد والاتراك، تحقيق: موسى مصطفى الهسنياني، الطبعة الاولى، مطبعة دهوك، دهوك.

النويرى، شهاب الدين احمد بن عبدالوهاب بن محمد بن عبدالدائم (٢٠٠٤م), نهاية الارب فى فنون الادب، تحقيق، د. نجيب مصطفى فواز و د. حكمت كشلى فواز، الطبعة الاولى، دار الكتب العلمية، بيروت.

ابن واصل، ابو عبدالله محمد بن سالم بن بن نصرالله المازينى (١٩٥٧م), مفرج الكروب فى اخبار بنى ايوب، تحقيق، حسنين محمد ربيع، المطبعة الاميرية، مصر.

وليم الصورى (١٩٩٢م), الحروب الصليبية، ترجمة، د. حسن حبشى، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة.

ياقوت الحموى، شهاب الدين ابو عبدالله ياقوت بن عبدالله (١٩٧٧م), معجم البلدان، دار صادر، بيروت.

احمد الشرباصى (١٩٨١م), المعجم الاقتصادى الاسلامى، دار الجيل، بيروت.

احمد مختار العبادى (١٩٩٢م), التاريخ الايوبى و المملوكى، مؤسسة شباب الجامعة، الاسكندرية.

اسامة محمد فهمى صديق (٢٠١١م), العلاقات التجارية و الثقافية بين المدن الصينية و مدن اسيا الوسطى الواقعة على طريق الحرير فى عصر الاسرتين اليوانية و التيمورية المغوليتين (٦٥٨ – ٩١١هـ/١٢٦٠ – ١٥٠٥م)، دار المنظومة، مصر.

الباز العرينى (١٩٦٧م), الشرق الادنى فى العصور الوسطى، دار النهضة العربية للطباعة و النشر، بيروت.

جوزيف نسيم يوسف (د.س), هزيمة لويس التاسع على ضفاف النيل، مؤسسة المطبوعات الحديثة، القاهرة.

زكى النقا (١٩٥٨م), العلاقات الاجتماعية و الثقافية و الاقتصادية بين العرب و الافرنج خلال الحروب الصليبية، دار الكتاب اللبنانى للطباعة و النشر، بيروت.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper28

زيغريد هونكه (١٩٦٣م), شمس العرب تسطع على الغرب، ترجمة، فاروق بيضون و كمال الدسوقى، الطبعة الثامنة، دار الافاق الجديد، بيروت.

سعيد عبدالفتاح عاشور(١٩٥٩م), اوروبا العصور الوسطى، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة.

سعيد عبدالفتاح عاشور(١٩٩٦م), الايوبيون و المماليک فى مصر و الشام، دار النهضة العربية للطبع و النشر و التوزيع، القاهرة.

عبدالامير محمد امين و محمد توفيق حسين (١٩٨٠م), التاريخ الاوروبى فى العصور الوسطى، مطبعة جامعة بغداد، بغداد.

عبدالحافظ عبدالخالق البنا (٢٠٠٧م), اسواق الشام في العصر الحروب الصليبية، الطبعة الاولى، عين للدراسات والبحوث الانسانية والجتماعية، بيروت.

عبدالمنعم ماجد (١٩٩٦م), تاريخ الحضارة الاسلامية فى العصور الوسطى، الطبعة السابعة، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة.

ڤالتر هنس (١٩٧٩م), المكاييل و الاوزان الاسلامية، ترجمة، د. كامل العسلى، الطبعة الاولى، مطابع القوات المسلحة الاردنيه، عمان.

كامل بن حسن بن محمد بن مصطفى الغزى (١٩٨١م), نهر الذهب فى تاريخ الحلب، المطبعة المارونية، حلب.

محمد العروسى المطوى (١٩٨٢م), الحروب الصليبية فى المشرق و المغرب، الطبعة الثانية، دار الغرب الاسلامي، تونس.

محمد مؤنس احمد عوض (١٩٩٨م), فى الصراع الاسلامى – الصليبى السياسة الخارجية الدولة النورية، الطبعة الاولى، عين للدراسات و البحوث الانسانية و الاجتماعية، مصر.

محمود ياسين احمد التكريتى (١٩٨١م), الايوبيون فى شمال الشام و الجزيرة، دار الرشيد للنشر و التوزيع، بغداد.

احمد غسان سبانو (١٩٨٢م), مملكة حماة الايوبية، رسالة ماجستير، مقدمة الى قسم التاريخ، كلية الاداب، جامعة دمشق، دمشق.

محمد نجيب و عبدالوهاب محمد حمد (٢٠٠٩م), السياسة الداخلية لنورالدين محمود زنكى (٥٤١-٥٦٩هـ/١١٤٦-١١٧٢م)، رسالة ماجستير، مقدمة الى قسم التاريخ و الاثار، الجامعة الاسلامية، غزه.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper28

## پەراوێزەکان:

[i]- وشەیەکی فارسیە بە مانای نەخشاندن یان جل و بەرگ هاتوە. بۆ زانیاری زیاتر، بروانە: عبدالمنعم ماجد، تاريخ الحضارة الاسلامية في العصور الوسطى، ط١، مكتبة الانجلو المصرية، (القاهرة، ١٩٩٦م)، ص١١٥.

[ii]- شارێکە لە وڵاتی شام، دەکەوێتە سەر دەریا و نزیکە لە هەردو شاری مەرقەب و عەکا. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: ياقوت الحموي، معجم البلدان، دار الصادر، (بيروت، ١٩٧٧م)، ج٤، ص ٣٠.

[iii]- شارێکە لە وڵاتی شام، دەکەوێتە نێوان هەردو شاری (معرة) و (حلب). بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: المصدر نفسة، ج٤، ص٤٧٠.

[iv]- یەکێک بوە لە گەورەترین و بەناوبانگترین ڕێگاکانی بازرگانی بە درێژایی سەدەکانی کۆن و سەدەکانی ناوەڕاست، کە ناوچەکانی وڵاتی چین و وڵاتانی دەوروبەری بە ناوچەکانی ئاسیای ناوەڕاست دەگەیاند و کاڵاکانی پێدا دەگواسترایەوە و ژمارەیەکی زۆر بازرگان لەم ڕێگایەدا پیشەیان ئاڵوگۆڕی شمەک و پێداویستیەکانی ئەو سەردەمە بوە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: اسامة محمد فهمي صديق، العلاقات التجارية و الثقافية بين المدن الصينية و مدن اسيا الوسطي الواقعة على الطريق الحرير في عصر الاسرتين اليونانية و التيمورية المغوليتين (٩١١-٦٥٨هـ/١٢٦٠-١٥٠٥م)، دار المنظومة، (مصر، ٢٠١١م)، ص٢١١-٢١٢.

[v]- واتا وەرگرتن، ناوەکەشی لە وشەی (المقس)ەوە هاتوە کە ناوی گوندێکی نزیک شاری قاهیرە بوە لە وڵاتی میسر، کەوتبوە سەر کەناری ڕوباری نیل و کەشتیە بازرگانیەکان پیایدا تێدەپەڕین و بە گوێرەی قەبارەی کاڵاکانیان پارەیان لێ وەردەگیرا، دواتر وشەکە گۆڕدراوە بۆ (مکس). بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: (المقريزي، الخطط، ج٢، ص٣٢٣-٣٢٥).

[vi]- یەکەیەکی پێوانەی دراوە، بەگوێرەی ناوچەکان بەهاکەی جیاواز بوە، لە وڵاتانی میسر و شام ١ قیراط یەکسانە بە ٢٤/١مسقاڵێک، یان ١ قیراط یەکسانە بە ١٦/١ درهەمێک، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ڤالتر هنس، المكاييل و الاوزان الاسلامية، ترجمة، د. كامل العسلي، ط١، مطابع القوات المسلحة الاردنية، (عمان، ١٩٧٠م)، ص٥٨.

[vii]- یەکێک بوە لە کێش و پێوەرەکان لە کۆندا و یەکسان بوە بە شەش یەکی درهەمێک، یان هاوتا بوە بە کێشی دەنکە جۆیەکی مام ناوەند. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: احمد الشرباصي، المعجم الاقتصادي الاسلامي، دار الجيل، (بيروت، ١٩٨١م)، ص١٠٧.

[viii]- شارێکی وڵاتی شامە و ناوچەیەکی کشتوکاڵی فراوانە و کەوتۆتە لای ڕوگە (القبلة)ی شاری دیمەشق و مۆڵگەی هۆزە عەرەبەکان بوە. بۆ زانیاری زیاتر، بروانە: ياقوت الحموي، معجم البلدان، ج٢، ص٣١٧.

[ix]- یەکەیەک بوە بۆ پێوانەکردنی زەوی بەکارهێنراوە لە کۆندا یەکسان بوە بە (٥٩٢٩) مەتر چوارگۆشە، بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: ابن مماتي، قوانين الدواوين، ص٢٧٦، الهامش رقم١١.

[x]- یەکەیەکی پێوانەیی کۆنی وڵاتی میسرە و بۆ پێوانەکردنی گەنم و جۆ و پاقلە و نۆک و کونجی و کەتان بەکارهێنراوە، یەک ئەردەب یەکسان بوە بە شەش وەبیە، هەر وەبیە یەکیش یەکسان بوە بەهەشت پەرداخ، واتە یەک ئەردەب یەکسان بوە بە چل و دو پەرداخ. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: ڤالتر هنس، المكاييل و الاوزان، ص٥٨.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper28